# سیاسەتی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا
## (ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نموونە)

م.ی قادر فەتاح ئەحمەد
بەشی کوردیی فەکەڵتی پەروەردە،
زانکۆی کۆیە
qader.fattah@koyauniversity.org

پ.د جەعفەر شێخولئیسلامی
زانکۆی کارلتۆن
(کەنەدا)
JafferSheyholislami@cunet.carleton.ca

پ.ی.د عومەر مەحموود کەریم
،بەشی کوردیی فەکەڵتی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
omar.mahmood@koyauniversity.org

**پوختە:**
لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا ئێستە، لە ئێران سیاسەتی یەکزمانی لە بواری پەروەردەدا وەک ئامرازێک لە خزمەت نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیی نەتەوەی سەردەستدا بەکار هێنراوە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی بەرگری لە فرەزمانی و بە پشتبەستن بە پلۆرالیزمی زمانی، ئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە زمانییەی دەستنیشان کردوون. گریمانەی سەرەکی ئەوەیە کە ئامانجی ئەم سیاسەتە، لاوازکردن و تواندنەوەی زمان و ناسنامە نافارسییەکان لە ناسنامەی ئێرانی و زمانی فارسی لە ژێر ناوی پاراستنی یەکێتیی نەتەوەیی و یەکپارچەییی وڵاتدایە. بەم هۆیەوە کە کورد یەک لە نەتەوەکانی ئەو وڵاتە پێک دێنێت، توێژینەوەکە وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە کە کورد لە ئێران چۆن دەتوانێت زمان و پەروەردە بۆ بەرگری لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی نەتەوەسازیی خۆی بەکار بێنێت. وەڵامی ئەم پرسیارە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی نەتەوەکانیتر و ئەزموونی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دراوەتەوە. ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازی پەسنی- شیکارییە و لە چەند تەوەرێکدا، جۆرەکانی سیاسەت و پلانی زمانی، پێوەندیی نێوان سیاسەتی زمانی و ئایدۆلۆژیا، دیاردەکانی یەکزمانی و چەندزمانی لە پرۆسەی پەروەردەدا، هەروەها سیاسەتی زمانیی تایبەت بە بواری پەروەردە بە ئامانجی نەتەوەسازی شی کراونەوە. لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا پوختەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراونەتە ڕوو.

کلیلەوشە: سیاسەت و پلانی زمانی، ئایدۆلۆژیای زمانی، پلۆرالیزمی زمانی، زمان و پەروەردە، نەتەوەسازی.

پێشەکی:

یەکێک لەو کێشە گرنگانەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان هەیانە، بێبەشبوون لە مافی سەروەریی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەر خاکی خۆیانە. ئەم بێبەشییە بۆ ئاستی سەرکوت و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەوانیش، پەلی هاویشتووە و بە تایبەتی زمانەکانیان، بەرەوڕووی پەراوێزخران و تەنانەت حاشالێکردن بووەتەوە. دەوڵەت-نەتەوەکان بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستی و سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی وڵاتیان خستووەتە خزمەت ئەم پەراوێزخستن و حاشالێکردن و سڕینەوەیە، ئەویش لە ڕێگەی زاڵکردنی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردە و ڕێگەگرتن لە بەکارهاتنی زمانانیتر لە پەروەردەدا.

وڵاتی ئێران یەک لەو وڵاتانەیە کە سیاسەتی زمانیان بۆ خزمەتی ئایدۆلۆژیا و ئامانجەلی سیاسیی دیاریکراو بەکار هێناوە. ئایدۆلۆژیای زاڵ لە ئێران لە ماوەی ١٠٠ساڵی ڕابردوودا ئەم وڵاتەی وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان پێناسەکردووە، نەک هەر دانی بە فرەنەتەوە و فرەزمان بوونی خەڵک و وڵاتی ئێراندا نەناوە، بەڵکوو هەوڵی حاشالێکردن و پەراوێزخستنی ئەو نەتەوە و زمانانە و ڕێگری لە جێبەجێبوونی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیانی داوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ئێران نەک یەک نەتەوە، بەڵکوو «بە شێوەیەکی گشتی شەش نەتەوەی سەرەکی هەن کە بریتین لە: کوردەکان، بەلووچەکان، ئازەربایجانییەکان، تورکەمەنەکان، فارسەکان و عەرەبەکان (جداری، ٢٠١٩).[1] هەر یەک لەم نەتەوانە زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە. بێجگە لەم نەتەوانە و زمانەکانیان (کوردی، بەلووچی، ئازەری، تورکەمەنی، فارسی و عەرەبی) چەندین کەمایەتیی ئەتنیکی و زمانییش پێکهاتەی خەڵکی ئێران پێک دێنن.

سیاسەتی زمانیی ئێران لە بواری پەروەردەدا، لە خزمەت نەتەوەسازی و دەوڵەتسازییەکی ناتەبا لەگەڵ واقیعی فرەنەتەوە و فرەزمانبوونی ئەو وڵاتەدا بووە. هەر لەوکاتەدا کە ڕێگر بووە لە خوێندن بە زمانە نافارسییەکان، ناوەڕۆکی کتێب و بابەتەکانی خوێندنیشی بۆ جێگیرکردنی ئایدۆلۆژیای»یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک زمان» بەکار هێناوە. ئەم سیاسەتە زمانییە تا هاتووە زیاتر لە گەڵ نارەزایەتی و بەربەرەکانێ بەرەوڕوو بووەتەوە و لە ئێستەدا وەک کێشەیەکی ڕوو لە گەشەی وڵاتی ئێران، خۆی دەرخستووە. ڕێژەیەکی بەرچاو لە توێژینەوە زانستییەکانی پێوەندیدار بە زمان و پەروەردە لە نێوخۆی ئێران، ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم سیاسەتە زمانییەیان داوەتەبەر ڕەخنە.[2] ڕۆشنبیران، نووسەران و چالاکانی مەدەنیی سەر بەو نەتەوانەش، بە تایبەتی لە کوردستان، ئازەربایجان و بەلووچستان، هەموو ساڵێک و لە بۆنەی جیاوازدا، ناڕازیبوونی خۆیان لە پەروەردەی تاکزمانی نیشانداوە و لەسەر خوێندن بە زمانی دایک پێیان داگرتووە.

ئەم توێژینەوەیە، گرنگیی سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردە لە ئێرانی فرەنەتەوە و فرەزمان لە ١٠٠ساڵی ڕابردوودا خستووەتەڕوو. هەم ئاوڕی لە ناوەڕۆکی پرۆسەی «نەتەوەسازی» لە لایەن دەوڵەت -نەتەوەی ئێران بە یارمەتیی و هاوکاریی سیستەمی پەروەردەی تاکزمانی داوەتەوە، هەم باسی لە گرنگیی بەرپەرچدانەوەی ئەم پرۆسەیە لە لایەن نەتەوە نافارسەکانی ئێران و بە دیاریکراوی نەتەوەی بێدەوڵەتی کورد، لە ڕێگەی داواکردن و پێداگری لەسەر پەروەردە بە زمانی خۆیان کردووە.

١/ پێناسە و کورتەمێژووی سیاسەت و پلانی زمان

١-١ سیاسەتی زمان

چەمکی»سیاسەت» پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. زۆر

---

١. ئەمانە زمانی سەرەکی ونەتەوەی سەرەکیی ئێرانن، ئەگینا زمانەکان لەم ٦ زمانە زیاترن. بۆچوونی واش هەیە کە ژمارەی زمانەکان و زارەکان زۆر لەمانە بە زیاتر دەزانێت. بۆ نموونە دەڵێت: «لە ئێران ٢٥ زمان و سەدان زار و چەند هەزار شێوەزار هەیە»(ئانگیل،٢٠١٥).

٢. ژمارەی ئەو توێژینەوانە و ئەو ڕەهەندانەی سیاسەتی زمانی کە ئەم توێژینەوانە خستوویاننە بەر تیشکی ڕەخنە، سەر لە سەدان دەدەن. ئەوەندە زۆر و بەربڵاون، کە کردوومن بە هەوێنی توێژینەویەکی تایبەت لە ژێرناوی «ئاوڕێکی ڕەخنەگرانە بۆسەر توێژینەوە ئێرانییەکانی پێوەندیدار بە زمان « کە بە زوویی بڵاو دەبێتەوە. (توێژەر).

لـە پێناسـەکان لـەوەدا یـەک دەگرنـەوە کـە سیاسـەت بـە سـەرجەمی هەوڵـەکان بـۆ بەدەسـتەوەگرتن یـان پاراسـتنی دەسـەڵات دەگوترێـت. «سیاسـەت بـە واتـا گشـتییەکەی، بـە هـەر سـتراتیژی و تاکتیـک و ڕێـگا و شـێوازێک بـۆ باشـتر بەڕێوەبردنـی کاروبارێـک، چ کەسـی و چ گشـتی، دەگوترێـت. بـەڵام بـە واتـا تایبەتەکـەی، سیاسـەت بریتییـە لـەو مێتـۆد و شـێوازانەی بەڕێوەبـردن کـە پێوەندییـان بـە دەوڵەتـەوە هەبێت»(آشـوری،٢٠٠٥:٢١٢). دیـارە ئـەو بوارانـەی سیاسـەت پێوەندیـی بەوانـەوە هەیـە زۆرن، بۆیـە بـۆ لێکهـەڵاواردن و ناسـینەوەی سیاسـەتەکان، بـە گوێـرەی بـوارە پێوەندیـدارەکان ناویـان دەبرێـت، وەک سیاسـەتی ئابـووری، سیاسـەتی دەرەوە، سیاسـەتی نێوخۆیـی، سیاسـەتی پەروەردەیـی، سیاسـەتی کولتـووری و هتـد. یـەک لـەو بوارانـەش کـە سیاسـەت پێوەندیـی بەوانـەوە هەیـە، بـواری زمانـە.

لەسـەر پێشـینە و مێـژووی سیاسـەتی زمان دوو ڕای جیـاواز هـەن. ڕایـەک مێژووەکـەی دەگەڕێنێتـەوە بـۆ زۆر کـۆن. لـە کتێبـی «سـفر پیدایـش»دا هاتـووە کـە حەزرەتـی ئـادەم ئەرکـی ناودانـان لەسـەر گیاندارانـی باغـی عەدەنـی گرتـە ئەسـتۆ. هەروەهـا هاتـوە کـە خـودا لـە ڕووبـەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ دانیشـتووانی بابلـدا زمانـی ئـەو قەومـەی تێکـدا و ئەمـری کـرد کـە چەندزمانـی لـە نێـو ئـەو قەومـەدا پـەرە بگرێـت. سپۆلسـکی، لـە کتێبـی «سیاسـەتی زمـان»دا، ئـەم نموونانـە وەک بەڵگـەی کۆنبوونی»سیاسـەتی زمـان» دێنێتـەوە و دەڵێـت بـە هیـچ جـۆر بابەتێکـی نـوێ نییـە (سپۆلسـکی، ٢٠١٢:٥). بـەڵام سـەرەڕای بوونـی بۆچوونـی لـەم چەشـنە، بـە بـڕوای زۆر لـە خاوەنڕایـان و شـارەزایانی سیاسـەتی زمـان و مێژووەکـەی، چەمکـی «سیاسـەتی زمـان» چەمکێکـی تـا ڕادەیـەک نوێیـە. خـودی سپۆلسـکی(١٣٩١:١٦)، نووسـیویە: «یەکەمیـن کتێـب کـە زاراوەی سیاسـەتی زمانـی تێـدا بـەکار هێنـدراوە کتێبـی سـیبۆلێرۆیە»(قازی:٢٠٢٢:١٧). هـەر ئـەوەش کـە یەکـەم کتێـب بـەم نـاوە لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی ٢٠دا بـڵاو بـووەوە و پێشـتر ئـەم چەمکـە لـە نووسـیندا خـۆی دەرنەخسـتووە، بەڵگەیـە بـۆ نوێبوونـی چەمکەکـە. ئاماژە بـەو ڕاسـتییەش پێویسـتە کـە ئـەم چەمکـە زۆر جـار بـە هەڵـە لەگـەڵ «پلانـی زمـان» کـە ئەویـش وەک سیاسـەتی زمـان چەمکێکـی نوێیـە، بـە یـەک واتـا بـەکار دەبرێـن. دیـارە ئـەم بۆچوونـە ڕاسـت نییـە و لەنێـوان سیاسـەتی زمـان و پلاندانانـی زمـان ئەگەرچـی پێوەندییەکـی چـڕ هەیـە، بـەلام جیـاوازی هەیـە. «سیاسـەتی زمانـی مەبەسـت و بیرۆکـەی زاڵ بەسـەر چۆنییەتـی دارشـتنی پلاندارێژیـی زمانیدایـە و پلاندارێژیـی زمانـی پلانێکـی کردارییـە بـۆ جێبەجێکردنـی سیاسـەتی زمانی»(قـازی:٢٠٢٢:٢٠). لـە ڕاسـتیدا پلانـی زمـان بۆخـۆی بەشـێکە لـە جێبەجێکردنـی سیاسـەتی زمـان. سیاسـەتی زمـان ئەگـەر پلانـی زمانـی لـە پشـت نەبێـت ئامانجەکانـی نایەنـەدی. پلانـی زمانیـش ئەگـەر سیاسـەتێک ئاراسـتە و ڕێنوێنیـی نـەکات، بـەرەو ئاسـۆیەکی نـاڕوون هەنـگاو دەنیـت و دەسـکەوتێکی دیاریکـراوی نابێـت. ئـەم دووانـە تەواوکـەری یەکـترن. هەرچـی سیاسـەتی زمانـە، لایەنـی تیۆریـی هەیـە. بـەڵام پلانـی زمـان، بـە کردەیـی کردنـی ئـەو سیاسـەتەیە کـە لـە پشـتیەتی.

پـلان و سیاسـەتی زمـان لـە سـاڵانی دوای جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا هاتنـە ئـاراوە. هەڵبـەت ڕەگـە فەلسـەفی و پراکتیکییەکانیـان لـە وڵاتانـی ڕۆژئـاوا، بـۆ سـەردەمی ناپلیـۆن، لـە فەرەنسـا دەگەڕێتـەوە. بـۆ ئـەو کاتـە دەگەڕێتـەوە کـە ناپلیـۆن هەسـتی بـەوە کـرد زمانێکـی یەکگرتـووی بـۆ بەڕێوەبردنـی سـوپا پێویسـتە((Baldauf, ٢٣٣: ٢٠١٢. کۆتایـی سـەدەی نۆزدەیـەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم کاتێـک کـە بیرمەندانـی زمانەوانـی بـە دوای ئامـرازە چەمکدارەکانـدا دەگـەڕان، بـۆ تێگەیشـتن و شـەرعی بوونـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی، ئـەو پـڕۆژە ڕۆشـنبیرییە گەورەیـە بـە بایەخـەوە دەرکـەوت و گەشـەی کـرد (هەمـان سـەرچاوە و لاپـەڕە).

سیاسـەتی زمـان بوارێکـی بەرفرەیـە، ئاوێنەیەکـە کـە هـاوکات هـەم بیرکردنـەوە و ڕوانینـی وڵاتێـک و کۆمەڵێکـی لـە بـارەی زمانەکانـی تێـدا دەخوێنینـەوە، هـەم هەوڵـەکان و کـردەوە و دژکردەوەکانـی پێوەندیـدار بـەو ڕوانینانـە. «سیاسـەت و پلاندارێژیـی زمانـی بریتییـە لـەو کـردەوە دەستانقەسـتانەی کـە لـە لایـەن حکومـەت، ڕێکخـراو ناوەنـد، تـاک و پێکهاتـە کۆمەڵایەتییـەکان بـۆ کاریگـەر ی دانـان لەسـەر ڕەفتـاری زمانـی تـاک و کۆمەڵگـە بەڕێوەدەچێـت، کردەوەگەلێـک کـە بـە مەبەسـتی پەرەپێـدان، سـەپاندن یـا

سڕینەوەی شوناسی گرووپە ئینسانییەکان ئەنجام دەدرێت کە لەسەر دەستی زمان ڕوودەدات»(قازی:٢٠٢٢،٢٣). بە دەربڕینێکی تر کۆی ئەو پێوەندییانەی ژیان و زمان پێک دەبەستنەوە، کاکڵی سیاسەتی زمانی پێک دێنن. لوییس جان کالفی، سیاسەتی زمان بە سەرتاپای ئەو ڕێگایانە دەزانێت کە لە بواری پێوەندییەکانی نێوان زمان و ژیان لە وڵاتێکدا بەکاردەهێنرێن (کالفی،٢٠١٢:١٥٢). وەک دەبینین پێناسەی جیاواز بۆ سیاسەتی زمان کراوە بەڵام هەموویان لە ناوەڕۆکێکی گشتیدا کۆک و هاوڕان کە بەم جۆرەیە: «سیاسەتی زمان: بریتییە لەداڕشتنی بنەماکانی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی زمان یان زمانەکان، لە ڕێگەی پێدانی پێگەیەکی دەستووری و یاسایی لە وڵاتدا، بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، بەپێی جۆری سیستەمی حوکمڕانی و ئایدیۆلۆژیای سیاسیی دەسەڵات لە وڵاتدا، پێگەی زمانەکانیش دەگۆڕێت»(سلێمان،٢٠٢١:١٧٣).

ئەو پێناسانەی لە باری سیاسەتی زمانەوە هەن ئەگەر لە فۆرمۆڵەکردن و دەربڕینی وشەکانیشدا جیاوازییان هەبێت لە نیوەرۆکدا لێک دوور نین. سیاسەتی زمان لە ڕووی تیۆرەوە هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکە. سپۆلسکی تیۆری سیاسەتی زمانی بە هەڵگر و خاوەنی چوار تایبەتمەندیی بنەڕەتی دەزانێت. یەکەمین تایبەتمەندی، دابەشبوونی سیاسەتی زمان بە سەر سێ بواردایە کە بریتین لە: ئەلف) بەکارهێنانە زمانییەکان، ب)باوەڕ و ئایدۆلۆژییە زمانییەکان و ج) ئەو سیاسەت و پلانە وردانەی لە خزمەت چاکسازیی ڕێوشوێن و ئایدۆلۆژییەکانی کۆمەڵێکدان (سپۆلسکی، ٢٠١٢:٥٥). دووهەم تایبەتمەندیی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سپۆلسکی ئەوەیە کە سیاسەتی زمان هەر تەنیا زارە دیارەکانی زمانێک ناگرێتەوە، بەڵکوو پێوەندیی بە سەرجەم پێکهاتەکانی هەموو ئاستەکانی زمانەوە هەیە، وەک دەنگسازی، ڕێنووس، وشەسازی، ڕێزمان، شێواز؛ هەروەها زمانی بەد، زمانی ڕەگەزپەرستانە، زمانی دزێو زمانی دروست و هتد. شێوەزارەکانیش دەگرێتەوە. سێهەم تایبەتمەندیی بنەڕەتیی سیاسەتی زمان، پانتایی و گۆڕەپانی کارپێکردنیەتی(هەمان سەرچاوە: ٥٦).

ناوچەی ژێر کاریگەریی سیاسەتێکی زمانی نەک هەر جڤاتێکی زارەکی، بەڵکوو جڤاتێک بە هەموو ڕەهەندەکانیەوەیە. سپۆلسکی لەم بارەیەوە دەنووسێت: «قەڵەمڕەوی سیاسەتێکی زمانی دەتوانێت گرووپ یا جڤاتێکی ئایینی، سیاسی یا کۆمەلایەتیی دەستنیشانکراو بێت کە دەکرێت بنەماڵەیەک، دەستەیەکی وەرزشی، گەڕەکێک، شوێنی کار، ڕێکخراوێک، شارێک، وڵاتێک یا فیدراسیۆنێکی ناوچەیی بێت»(هەمان لاپەرە). چوارەم تایبەتمەندیی بنەڕەتیی تیۆری سیاسەتی زمانی « ڕۆڵگێڕان و کارابوونی لە ژینگەیەکی خۆجێییدایە کە زنجیرەیەک پێوەندیی ئاڵۆز، توخمەکان، گۆڕاوەکان و هۆکارە زمانی و نازمانییە خۆجێییەکان پێکەوەی گرێداون. زۆر جار خۆگونجاندنی لەگەڵ وەها ژینگەیەکدا لەگەڵ کێشە و گرفت و شکان بەرەوڕوو دەبێتەوە» (هەمان سەرچاوە:٥٧-٥٦).

خاڵی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن لە ناوهێنان و شیکردنەوەی ئەم تایبەتمەندییانەدا کە سپۆلسکی ئاماژەی پێداون، گونجان و نەگونجانی سیاسەتێکی زمانی لەگەڵ ژینگەکەی دایە. سیاسەتێکی زمانی دەکرێت لە نێوەرۆکدا لەگەڵ ژینگە، یا ئەو وڵات و جڤاتەی سیاسەتەکەی بۆ دانراوە گونجاو بێت، بەڵام ئەو پلانانەی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکە داڕێژراون، لەوانەیە زانستی نەبن. تەنانەت ئەگەر پلانەکانیش زانستی بن، بەڵام ئەوانەی جێبەجێی دەکەن ئەگەر لێوەشاوەیی و ئەزموون و توانای پێویستیان بۆ ڕاییکردنی نەبێت، ئاکامی جێبەجێکردنەکە نەخوازراو و نەرێنی دەبێت و بەم جۆرە لە ئەنجامدا سەرنەکەوتنەکەی بە مل سیاسەتەکەدا دەشکێتەوە.

بەڵام کێشە و گرفتی گەورە ئەو کاتە بەرەوڕووی سیاسەتێکی زمانی دەبێتەوە کە نێوەرۆکەکە لەگەڵ ڕاستییەکانی ژینگەی جێبەجێکردنەکەی نەگونجێت. لە بارێکی ئەوتۆدا ئەگەر وردترین پلانەکانیش دابڕێژێت و پسپۆڕانی کارامە و لێهاتوویش بخەیە خزمەت جێبەجێکردنی، سیاسەتەکە هەر چەند لە کورتخایەنیشدا بەرەوڕووی کێشە نەبێتەوە، لە درێژخایەندا خۆی دەبێتە سەرچاوەی کێشەی گەورە. هەر بۆ وێنە لە وڵات و جڤاتێکی

فرەزمـان، سیاسـەتێکی زمانـی کـە ئامانجەکـەی پەراوێزخسـتن و سـڕینەوەی زمانـەکان لـە پێنـاوی زاڵکردنـی تاکـە زمانێکـدا بێـت، ئـەو سیاسـەتە قەیرانخوڵقێـن دەبێـت. قەیرانەکـەش تەنیـا داوێنـی زمانـە پەراوێزخـراوەکان ناگرێتـەوە بەڵکـوو کێشـەی سیاسـی لێدەکەوێتـەوە.

١-٢ پلانی زمان

پلانـی زمـان بـووە بـە ئاوەڵدووانـەی سیاسـەتی زمـان. بـە زۆری ئـەم چەمکـە بـە دوای سیاسـەتی زمانیـدا دێـت، تەنانـەت ئەگـەر لەگـەڵ چەمکـی سیاسـەتی زمانیشـدا نەیـەت، یەکـەم شـتە کـە بـە بیسـتن و دیتنـی چەمکـی زمانـی بـە بیرمانـدا دێـت. هـۆی ئـەم لێکگرێدراوییەیـان بـۆ ئەمـە دەگەڕێتـەوە کـە سیاسـەتی زمـان بـێ پلانـی زمـان ناگاتـە ئەنجـام و پلانـی زمانییـش بـێ سیاسـەتی زمانـی، دەبێتـە توێکڵێکـی بـێ کاکڵ. «پلاندانـان واتـە سـوودوەرگرتن لـە سـەرچاوەکان بەجۆرێکـی وشـیارانە و کۆنترۆڵکـراو. پلاندانانـە کۆمەڵایەتییـەکان کـە پلاندانانـی زمانیـش یەکێکیانـە، نموونەیەکـن لـە بڕیـاردان بـە هـۆی کەسـانی خاوەنبیـر بـۆ چارەسـەری کێشـەیەک. بناغـەی پلاندانانـی زمـان لەسـەر چاولێکردنـی زمـان وەک سـەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتـی دادەمەزرێـت. گرنگیـی ئـەو سـەرچاوەیەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕۆڵ و بایەخـی لـە دروسـتکردنی پێوەنـدی و ناسـنامە لـە کۆمەڵێکـی دیاریکراودا(ئەفخەمـی،٢٠٠٥:٩).

سـەرهەڵدانی چەمکـی «سیاسـەتی زمان»دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٤٥ی زایینـی. چەمکـی «پلاندانانـی زمان»یـش لـە کۆتاییەکانـی دەیـەی ١٩٥٠ و بـە دیاریکراوییـش بـە هـۆی «هۆگێـن»ەوە لـە وتارێکـدا لـە ژێـر نـاوی» دیالێکـت، زمـان، نەتـەوە» بـۆ چارەسـەرکردنی ئاریشـە و گرفتەکانـی بـەردەم زمـان لـە وڵاتـی نۆروێـژ بەکارهاتـووە (حەمەئەمیـن و کەریـم،٢٠١٧:١١). دەیەی١٩٩٠بـە خاڵگۆڕانێـک لـە مێـژووی توێژینەوەکانـی زمانەوانیـی کارەکیدا دەژمێردرێـت. دوو ڕووداو کـە ڕێخۆشـکەر بـوون بـۆ دروسـتبوونی هەلومەرجێکـی ئەوتـۆ، بریتـی بـوون لـە یەکـەم: پەرەگرتنـی بێوێنـەی زمانـی ئینگلیـزی و دنیاداگربوونـی لـە درێـژەی ڕەوتـی بەجیهانیبووندا. دووهـەم، هاوکاتبوونـی هاتنەگـۆڕ و بڵاوبوونـەوەی هـزری ڕەخنەگرانـە و پۆسـتمودێرن، بوارێکـی لەبـاری بـۆ چڕبوونـەوەی سـەرنجەکان و وردبوونـەوە لـە بـاری چەمکـی زمانـی ڕەخسـاند. لـە ئاکامـی ئـەو هەلومەرجـەدا بیاڤـی سیاسـەت و بەرنامەڕێژیـی زمـان، بووژانـەوە و بەهێزبـوون و بەرینبوونـەوەی بەخـۆوە دیـت (داوەری،٢٠٢٠:٨).

زۆرتـر سیاسـەتمەداران ڕۆڵیـان لـە دەستنیشـانکردنی ئامانجەکانـی پلانـی زمانـدا هەیـە و پسـپۆرانیش ئەرکـی ئامادەکردنـی پلانەکـە دەگرنـە ئەسـتۆ. پسـپۆران، دوای لەبەرچاوگرتنـی ئـەو سـەرچاوانەی مەزەنـدە دەکرێـن، چەندوچۆنـی بەکارهێنانـی ئـەو سـەرچاوانە لـە خزمـەت ئامانجـی پەرەپێدانـدا هەڵدەسـەنگێنن و کاتێـک لـە سـەری ڕێککەوتـن، ئامـراز و تەکنیکەکانـی جێبەجێکردنـی دیـاری دەکـەن. دوایـە یاسادانەران ئـەم قۆناغانـە پەسـند دەکـەن و بـۆ جێبەجێکـردن دەیدەنـە دەسـت دەوڵەت(ئەفخەمـی،٢٠٠٥:٩). پلانـی زمـان، چەندیـن بنەمـای بەیەکـەوە گرێـدراوی وەک زنجیـرەی هەیـە کـە ئـەو بنەمایانـە هەنـگاو بـە هەنـگاو پێـڕەو دەکرێـن تـا وەکـوو بنـە باشـترین چارەسـەر بـۆ کێشـەکانی بـەردەم زمـان لـە کۆمەڵگـەدا. توێژینـەوەی هاوبەشـی (حەمەئەمیـن و کەریـم، ٢٠١٧:١٣) ئـەم قۆناغانـە بەمجـۆرە دەستنیشـان دەکات: ١-کێشـە و گرفـت کـە تێیـدا کێشـەی بـەردەم زمـان یـا زمانـەکان دەستنیشـان دەکرێـت، ٢-خـاوەن بڕیـار (دەسـەڵات) لـەم قۆناغـەدا حکوومـەت و دەزگا پێوەندیـدارەکان، بڕیارەکـە جێبەجـێ دەکـەن و ئەرکـی چاوەدێریکـردن و گۆڕیـن و باشـترکردنی زمانیـان دەکەوێتـە ئەسـتۆ، ٣-جێگرەوەکان(بەدیلـەکان)، لـەم قۆناغـەدا لـە ڕێگـەی هەڵسـەنگاندن و تاقیکردنـەوە یـا وەرگرتنـی ڕای پسـپۆر و شـارەزایانەوە، شـوێنگرەوە و ڕێگەچـارە گونجـاوەکان پـۆل پـۆل دەکرێـن. ٤- هەڵسـەنگاندن، لـەم قۆناغـەدا جێگـرەوەکان بـە پێـی پێوەرێکـی زانسـتی و گونجـاو هەڵدەسـەنگێندرێن و تاقـی دەکرێنـەوە. ٥-پێڕەوکـردن، کـە ئەمـەش قۆناغـی جێبەجێکردنـی پلانەکـە و بەڕێوەبردنـی دەگرێتـەوە (سـەرچاوەی پێشـوو:١٣).

جێبەجێکردنـی پلانـی زمـان، پێویسـتی بـە هـاوکاری و بەشـداریی کۆمەڵێـک زانسـت و بـواری تـر هەیـە. پلاندانانـی زمـان لـە لایـەک لەگـەڵ زمانناسـی و لـە لایەکـی تـرەوە لەگـەڵ کۆمەڵناسـی لـە پێوەندیدایـە، هـاوکات پێوەندیـی بـە لقـە جۆراوجۆرەکانـی بەرنامەڕێـژی و زانسـتی سیاسەتیشـەوە هەیـە.

٣-١ ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمان:

سیاسـەتەکانی زمـان بـە شـێوەیەکی گشـتی یـان ئاشـکران یـان شـاراوە. بـۆ ناسـینەوەی سیاسـەتە ئاشـکراکان، هاسـانترین ڕێگـە ئەوەیـە لـەو سیاسـەتانەی بـە شـێوەی بەیاننامـەی ڕەسـمی لـە بەڵگەنامەکانـی وڵاتێکـدا بەرچـاو دەکـەون، ورد بینـەوە. بـۆ وێنـە لەوانەیـە ئـەو سیاسـەتانە وەک ماددەیەکـی قانوونـی لـە دەسـتووری وڵاتـدا، یـا قانوونەکانـی پێوەندیـدار بـە زمـان، یـان بەڵگەنامەیەکـی دەوڵـەت یـا لـە ڕێنماییـە ئیدارییەکانـدا خۆیـان بنوێنـن.

پۆلێنکردنی سیاسەتی زمان بەپێی جۆرەکانیان:

لـە ئێسـتەدا ١٢٥ وڵاتـی جیهـان لـە دەسـتووری خۆیانـدا باسـی جۆرێـک لـە سیاسـەتی زمانیـان کـردووە و نزیکـەی ١٠٠ وڵاتـی جیهانیـش لـە سـوودەکانی بەکارهێنانـی یـەک یـا چەنـد زمانـی نەتەوەیـی و ڕەسـمی دواون. دەسـتووری ٧٨ وڵات تاکـە زمانێکیـان وەک زمانـی نەتەوەیـی یـا زمانـی ڕەسـمیی خۆیـان ناوبـردووە (سپۆلسـکی، ٢٠١٢:١٦).

شـیفمەن لـە پێناسـەکردنی سیاسـەتی زمانـدا، سیاسـەت بـە شـێوەیەکی گشـتی بـە ڕێگایەکـی دیاریکـراو دەزانێـت کـە لـە نێـو چەنـد یـا چەندیـن ڕێـگای تـردا هەڵبژێـردراوە و پێـی وایـە ئـەم سیاسەتە دوو دیـوی هەیـە، دیـوی ئاشـکرا و دیـوی شـاراوە (ئەردەکانـی،٢٠٠٩ :١٠٣). بـە گوێـرەی جۆراوجۆریـی زمـان لـە نێـو کۆمـەڵ و چۆنیەتیـی بەرەوڕووبوونـەوەی ئـەو کۆمەڵگەیـە لەگـەڵ جۆراوجۆرییـە زمانییـەکان، سیاسـەتی زمانـی جۆراوجـۆر هـەن. شـیفمەن لـە پۆلێنبەندییەکـەی خۆیـدا ئـەم چەشـن و جۆرانـەی سیاسـەتی زمانـی ناوبـردوون:

پەرەپێدەرانـە (Promotionist)، مەیدانپێـدان (Tolerance-Orintated)، یەکسـانیخوازانە (Equal-Orintated)، سـنووردارکردن (Limitation)، سـنوورداربوونی ژینگـەی بەکارهێنـان (Territory restrictions)، ڕەسـمی (Formal)، ناڕەسـمی (Informal)، شـاراوە (Hidden) و ئاشـکرا (Obvious) (قورەیشـی و هـاوکاران،١٣٩١:١٢٧).

پلاندارێژیـی زمانیـش وەک سیاسـەتە زمانییـەکان جۆراوجـۆری و جیاوازیـی تێدایـە. بـواری چالاکییەکانـی پلاندارێژیـی زمـان بـە سـەرنجدان بـە کێشـە وگرفتەکانـی بـەردەم زمانـەکان، دابـەش دەبنـە سـەر سـێ بـوار کـە بریتیـن لـە: ١- پلاندارێژیـی پێگـە، ٢-پلاندارێژیـی جەسـتە و ٣- پلاندارێژیـی فێرکاریـی زمـان (قـازی، ١٩:٢٠٢٠).

جۆرێکـی تـری پۆلێنکردنـی بـوار و جۆرەکانـی پلانـی زمانـی هەیـە کـە لـە جیاتـی دابەشـکردنیان بـە سـەر پلانرێژیـی جەسـتە، پلانرێژیـی پێگـە و پلانرێژیـی فێرکاریـی زمـان، بـە سـەر دوو جـۆر دابەشـیان دەکا: یەکـەم پلانـی پێگـە (Status Planning)، کـە پرسـتیژی زمـان یـا زارێـک لـە کۆمەڵگـە دەردەخـات. ئـەم جـۆرە پلانـە لـە هەڵبژاردنـی بەرایـی زمانێـک دەکۆڵێتـەوە. پرۆسـەکە چەنـد ئەرکێکـی هەیـە وەک گۆڕینـی ئەرکـی زمانێـک یـا شـێوە زمانێـک، هەروەهـا دیاریکردنـی مافـی خەڵـک لـە بەکارهێنانـی ئـەو زمانـە یـان ئـەو زارەدا. ئـەم جـۆرەی پلانـی زمـان، دوو سـێ بیرۆکـە دەورووژێنێـت و مەبەسـت لـە هـەر یەکەیـان دروسـتکردنی پایـە (Status) ی زمانـە. دووهـەم، پلانـی دەستەجەمعی(Curpus Planning) کـە پەیوەسـتە بـە (هەڵبـژاردن) و کۆدکردنـی بنەمـاکان لـە نووسـینی ڕێزمـان و بـە سـتانداردکردنی ڕێنووسـی زمـان. ئـەم جـۆرە پلانـە هەوڵـدەدات پـەرە بـە زارێکـی زمـان بـدات یـان زمانێـک بـە سـتاندارد بـکات (ناوخـۆش، ٢٨:٢٠١٠)

زۆرێـک لـەو توێژینەوانـەی تایبەتـن بـە چییەتیـی پلانـی زمـان، ئاماژەیـان بـەوە داوە کـە «ڕوانگـەی زمانـی» و وشـیاریی زمانـی»ی خەڵـک، ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـە جێبەجێبـوون و سـەرکەوتنی ئـەو پلانـەدا هەیـە.[٣] مـەک نامـارا پێیوایـە یەکێـک لـە هـۆکارە کاریگەرەکانـی سـەرکەوتوو نەبوونـی پلاندانانێکـی زمانـی، بـە جۆرێکـی نادروسـت پێناسـە و دەستنیشـانکردنی ئامانجـە درێژخایـەن و کورتخایەنەکانە. هەروەهـا پێیوایـە هـەر جـۆرە پلاندانانێکـی زمـان دەبێـت بـە گوێـرەی ڕوانینەکانـی خەڵـک بێـت (ئەفخەمـی،١٢:٢٠٠٥). ئـەم گرنگیـدان بـە ڕوانگـەی خەڵـک لـەم ڕاسـتییەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە هەمـوو یـا بەشـێکی زۆر لـە ئامانجەکانـی پلانـە زمانییـەکان پێوەندیـان بـەو خەڵکـەوە هەیـە کـە زمانەکـە بـەکار دەهێنـن. ئەگـەر ئـەوان پێشـوازیی لێنەکـەن و هەڵوێسـتێکی دژیـان

٣. لەم بارەیەوە بڕوانە توێژینەوەکانی:١- افخمی، علی (٢٠٠٥)،»برنامەریزی زبان و نگرش های زبانی؛٢-اعظمی معصومە و خداکرمیان غلام (٢٠٠٧)، سیاست پنهان زبان در مقابل سیاست آشکار آن.

هەبێت، بە جێگەی ئەوەی ببن بە فاکتەرێکی یارمەتیدەر، دەبن بە کۆسپ لەسەر ڕێگەی جێبەجێبوونی. بەڵام ئەگەر ئامانجی پلانسازییەکە لە بازنەی هەستی نەتەوەیی و بیروباوەڕی نیشتماندۆستیی خۆیاندا ببینن، پێشوازی و پشتیوانیی لێدەکەن. تەنانەت لە ڕووی دارایی و دابینکردنی پێداویستییەکانیشیەوە هاوکاریی دەکەن. ڕەزامەندی و ڕووی خۆش نیشاندانی ناوەندە ئەکادیمییەکان، زانکۆکان، پارتە سیاسییەکان، هەروەها ڕۆژنامە و میدیا شوێندانەرەکان لەم بارەیەوە گرنگە کە ئەو ناوەند و دامەزراوانە کاریگەرییان لە سەر پەروەردەی فکری، زانستی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی تاکەکان هەیە. ئەگەر ئەوانە نەچنە پشت پلانە زمانییەکە و لەگەڵیدا نەبن، پلانەکە بەرەوڕووی بەرهەڵست و کارشکێنی دەبێتەوە.

٢/ سیاسەت و پلانی زمان لە خزمەت ئایدۆلۆژیا و ئامانجی سیاسیدا

بنەچەکەی چەمکی ئایدۆلۆژیا، وەک چەندین چەمکیتری باو لە جیهانی هزر و فەلسەفە و ئەدەبیاتی سیاسیدا، بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە. لەو چەمکانەیە کە کۆمەڵێك مانای جیاوازی وەرگرتووە. مەبەست لێی کۆمەڵێک باوەڕ و بۆچوونی جێگرتووە لە پانتایی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کە تاک یا گرووپ دەکرێ هەیانبێت.

٢-١ ئایدۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیای زمانی:

هەندێك بیرمەند چەمکی ئایدۆلۆژیا بۆ سەدەی ١٩ دەگەڕێننەوە. ئایدۆلۆژیا جار هەیە وەک چەمکێکی پۆزەتیڤ و جاریش هەیە بە ناحەز و نیگەتیڤ بەکاردێت. «مارکس لەکاتی لاوێتیدا کە بەکاریهێناوە وەکو تیۆرێك و وەکو واتایەکی دزێو کە ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای ئاڵمانی دەگرێت و مەبەستیشی لە کانت و هیگڵ و فیورباخ و فیختە بووە. بەڵام «جۆرج لۆکاچ» و «تیری ئیگلتۆن» پێیانوایە ئایدۆلۆژیا چەمکێکی قووڵی فکری و دیالکتیکییە و «ئانتۆنیۆ گرامشی»یش بە هەمان شێوە بە چەمکێکی گرنگی تەماشا دەکات» (سمکۆ محەمەد، ٢٦٩:٢٠٠٩). زمان و ئایدۆلۆژیا، پێوەندییەکی چڕ و چەند لایەنەیان هەیە.

سیاسەتی وڵاتان و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان لە بواری جیاوازدا، بە زۆری لە ژێر کاریگەریی ئەو ئایدۆلۆژیانەدان کە سیستەمی سیاسی و بناغەی دەسەڵاتی ئەوانی لە سەر دامەزراوە. ئایدۆلۆژیا دەبێتە ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری وڵاتان لە سیاسەتدانان و پلاندارێژییان لە بواری جیاوازدا. بە تایبەتی دامەزراوە پەروەردەیی و کولتوورییەکانی وڵات ناچار دەکرێن لە دانانی نەخشەڕێگا و نێوەرۆکی بەرنامە و پلانەکانیاندا، بگەڕێنەوە سەر سەرچاوەی ئایدۆلۆژیای دەسەڵات و سیستەمی حکوومەتی.

سیاسەتی زمانی وڵاتان یەک لەو گۆڕەپانانەیە کە ئایدۆلۆژیا، مەیدانارییان تێدا دەکات و ڕوانینی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت. لە لایەکیترەوە زمان، مەیدانی ململانێی ئایدۆلۆژیاکان و وێککەوتنی بیر و باوەڕ و ڕوانینە جیاوازەکانە. ئایدۆلۆژیایش وەک سیاسەت و ئایین و کولتوور و زۆر چەمک و دیاردەیتری ژیانی کۆمەڵایەتی لە زماندا بوونی هەیە و بە ڕێگای زماندا بوونی خۆی دەسەلمێنێت.

لەنێوان سیاسەتی زمان، ئامانجەکان و پاڵنەرەکانی پلاندانانی زمان و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکاندا پێوەندییەکی بەهێز هەیە و زۆربەی کاتەکان لێکهەڵاواردنیان دژوارە.

جگە لەو ئایدۆلۆژیا سیاسییانەی کە سەرخانی حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی پێک دێنن و سێبەر دەخەنە سەر سیاسەت و پلاندارێژیی دامودەزگا و دامەزراوەکانیان، کۆمەڵێک ئایدۆلۆژیای زمانی هەن کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە سیاسەت و پلاندانانی زمانییەوە هەیە. ئایدۆلۆژیای زمانی چییە؟ هەروا کە ئایدۆلۆژیای دینی، سیاسی، ڕەگەزی و هتدمان هەیە، ئایدۆلۆژیای زمانییش هەیە و چەمکێکی ناسراو و جێگرتووە. قەمەری و حەسەنزادە لەسەر پێناسەی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان، (پشتبەستوو بە شوهامی، ٢٠٠٦) دەنووسن: «ئایدۆلۆژیا زمانییەکان نیشاندەری باوەڕەکانی خەڵک بە زمانەکان دەگەیەنن. ناتوانین ئەم بوارە بە ڕوونی لە ئایدۆلۆژیا سیاسیەکانی دوڵەت جیا بکەینەوە. بە گوێرەی ئەم جۆرە لە ئایدۆلۆژیاکان، زمانەکان لەگەڵ نەتەوەکان یەکسانن و بە نیشانە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دەژمێردرێن. زانستی زمانە تایبەتەکان، نیشانەی بەستراوەیی بە گرووپە

تایبەتەکانە و پێداگرییە لە سەر زمانێکی تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. ئایدۆلۆژیای زمانی دەپەڕژێتە سەر ئەم پرسە کە زمان چۆن بەکار بهێنرێت و فێربوون و فێرکردنی زمانەکان بە چ شێوەیەک بێت» (قەمەری و حەسەنزادە،١٦٥:٢٠١٠). هەر ئەو دوو توێژەرە لە زمانی هەمان سەرچاوەوە دەڵێن: «ئایدۆلۆژیا زمانییەکان دەتوانن ببنە ئامرازی ئایدۆلۆژییە سیاسی و دینییەکان و ببن بە چەقی شەڕە سیاسییەکان" (هەمان لاپەڕە).

ئایدۆلۆژیای زمانی لقێکی توێژینەوەیی تا ڕادەیەک نوێیە. ئەم لقە لە هەناوی قوتابخانەی ئەتنۆگرافیی قسەکردن کە پێداگریی لەسەر چەمکە کەلتوورییەکانی زمان دەکرد، لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی زایینیدا سەریهەڵدا. «لە دەیەی هەشتای زایینی، چەندین توێژەری سەر بەم قوتابخانەیە، توێژینەوەکانی خۆیان بۆ پێوەندیی نێوان زمان و دەسەڵات و ئابووریی سیاسی تەرخان کرد. لەو سەردەمدا هۆگرییەکی ڕوو لە گەشە بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە هەبوو کە سیاسەت و کارلێکی کۆمەڵایەتی چۆن کار دەکەنە سەر تایبەتمەندییەکانی بنیاتی زمان»(Judith T. Irvine: ٢٠٢٠).

ئایدۆلۆژیای زمانییش وەک هەر ئایدۆلوژیایەک، تایبەت نییە بە تاکەکەسێک. واتە هیچ ئایدۆلۆژیایەک لە تاکەکەسێکدا قەتیس نامێنێت. ئایدۆلۆژیا سنووری تاک تێدەپەڕێنێت و دەبێتە باوەڕی کۆمەڵە مرۆڤێک. «ئایدۆلۆژییە زمانییەکان بریتین لە دەستەیەک بیروباوەڕ کە هەم هاوبەشن و هەم باو... مەبەست لە هاوبەشی ئەوەیە کە هی تاکەکەس نین بەڵکوو دەستەیەک لە خەڵک، چینێک جا بالادەست، یان هی خوارەوە، یان گرووپێکی ئەتنیکی بە یەکەوە هەیانە. مەبەست لە «باو»بوونیشیان ئەوەیە کە برەویان هەیە و ئەم برەوپەیداکردنەیان زۆر گرنگە، بەو واتایە کە وەک باوەڕێکی ئاسایی و سروشتییان لێ هاتووە و ڕێگە نادەن بخرێنە ژێر پرسیارەوە « (شێخولئیسلامی، ٢٠٢٢: ٩٢-٩٣).

ئایدۆلۆژییە زمانییەکان چ سەبارەت بە پلە و پایەی زمان قسە بکەن بۆ وینە زمانێک ڕەسمی بێت یان نەبێت، چ سەبارەت بە پێکهاتەی زمانەکان قسە بکەن، گرنگی تایبەتیان هەیە.

٢-٢ جۆرەکانی ئایدۆلۆژیای زمانی:

لە هەر کۆمەڵ و وڵاتێک جۆرێک لە ئایدۆلۆژیای زمانی پەسندە و برەوی هەیە و دەوڵەت و دەسەڵاتی زاڵ لەو شوێنە، بەپێی باوەڕیان بە یەکێک لەو ئایدۆلۆژیانە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆیان و پێکهاتەی ئەتنیکی و ڕەوشی زمان لە وڵاتەکەیان، ئایدۆلۆژیایەک دەکەن بە سەرچاوەی سیاسەت وپلاندانانی زمان. «هێندێک لە»ئایدۆلۆژیا زمانییەکان بریتین لە: ١-ئایدۆلۆژیای توانەوەی زمانی، ٢-ئایدۆلۆژیای پلۆرالیزمی زمانی، ٣-ئایدۆلۆژیای پەسندکردنی زارێکی نەتەوەیی، ٤-ئایدۆلۆژیای زمانی ناونەتەوەیی» (ناوخۆش،٣٠-٢٩:٢٠١٠). قوڕەیشی و هاوکارانیشی پشتبەستوو بە توێژینەوەی کوبار و بیاس (١٩٨٣:٦٣) هەر ئەم پۆلێنکردنەیان بۆ ئایدۆلۆژییە زمانییەکان هەیە. ئەوان ئایدۆلۆژییە زمانییەکانیان بەم جۆرە ناو بردووە:

١-یەکسانکردنی زمانەکان، (Linguistic Unification)،٢-پلۆرالیزمی زمانی، Linguistic Pluralism)، ٣-گەڕانەوە سەر زمانە خۆجێییەکان، (Hanvist Language) یا (Linguistic localization)، ٤-هەڵبژاردنی زمانی نێودەوڵەتی (Linguistic Internationalism) (قوڕەیشی، ١٣٩٧:١٢٨-١٢٧).

چەند ئایدۆلۆژیایەکی تری زمانی هەن کە لە هێندێک لە توێژینەوەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە. بۆ نموونە ئایدۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی (Vernacularization ideology)، ئایدۆلۆژیای سیاسەتی دەستوەرنەدان(policy of non- intervention ideology)، سیاسەتی زمانیی جیهانگەرایی (Language internationalizatio policiesn) و سیاسەتی زمانیی کەرتی (سێکتەری) (Languege policy sector).[٤]

---

٤. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە توێژینەوەی سلێمان، ئازاد عەزیز(٢٠٢١) لە ژێر ناوی» بنەما تیۆریی وبنچینەییەکانی دانانی سیاسەتی زمان»، هەر وەها نامەی دوکتۆراکەی (٢٠٢٢)، لە ژێر ناوی «سیاسەت و پلانی زمانی لە راگەیاندندا، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە».

جۆرێکی‌تری ئایدۆلۆژیا زمانییەکان ئەوانەن کە نیازی زیندووکردنەوەی ئەو زمانانەیان هەیە کە لەنێو چوون یان خەریکن لەنێو دەچن(ماد، ٢٠٢١: ١١٢ -١١٤).[٥]

ئایدۆلۆژییە زمانییەکان بە گوێرەی کاکڵ و ناوەڕۆکیان لەسەر سیاسەت و نەخشەڕێگای دەوڵەتان بۆ چارەسەری پرسی زمان کاریگەرییان هەیە. لەوانەیە کاکڵ و ناوەرۆکی ئایدۆلۆژییە زمانییەکە، «یەکێتیی زمانی» واتە «یەک وڵات و یەک زمان» بێت(وەک ئێران). لەبارێکی ئەوتۆدا، جۆراوجۆرییە زمانییەکان لەپێناوی ئامانجی ئایدۆلۆژییە ناوەندییەکەدا(سەردەستیی تاکەزمانێک) دەکرێنە قوربانی. بەڵام ئەگەر ئایدۆلۆژیای زمانیی دەوڵەت و دەسەڵاتی وڵاتەکە، لە سەر «پلۆرالیزمی زمانی» واتە «یەک وڵات و چەند زمان» دامەزرابێت، ئەوە ڕێگەی بە ڕەسمیناسینی زمانی کەمینە ئەتنیکییەکان لە جۆگرافیای دیاریکراوی خۆیاندا دەدات.[٦]»

٣/ سیاسەت و پلانی زمانی لە بواری پەروەردەدا

٣-١ پێگە و گرنگیی زمان لە پرۆسەی پەروەردەدا:

ڕۆڵی بەرچاوی زمان لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا بەرەوڕووی ئەم پرسیارەمان دەکاتەوە کە ئاخۆ زمانی پەروەردەش دەکەوێتە ڕیزی ئەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان لە پێشڤەچوون و سەرکەوتنی پەروەردەدا هەیە؟

جێگە و پێگەی زمانی بەکارهاتوو لە پەروەردە و فێربووندا ڕاستەوخۆ لە ژێر باندۆری ئایدۆلۆژیای سیاسیی وڵاتدایە. ئایدۆلۆژیای سیاسیی دەوڵەتی وڵاتێک هەر چییەک بێت، ناوەند و دامەزراوەکانی‌تری سەر بە دەوڵەت هەوڵیان ئەوە دەبێت ئەم ئایدۆلۆژیایە لە ڕێگای دامەزراوەکانیان بکەن بە بەشێک لە باوەڕ و بیرکردنەوەی خەڵک. سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، ئەو شوێنەیە کە دەوڵەت بۆ جێگیرکردنی ئایدۆلۆژیا و باوەڕە کانی خۆی لە نێو تاکەکانی وڵاتدا بە کاریان دێنێت. «وڵاتان و نەتەوەکانی جیهان بە گوێرەی جۆری بیرکردنەوە و ئەو قوتابخانە فەلسەفی و سیاسییەی بڕوایان پێیەتی، ئامانجە پەروەردەییەکانی خۆیان پێناسە دەکەن، ئەمەش میتۆد و شێوازی جیاواز لە ئامانجە پەروەردەییەکانیدا لێدەکەوێتەوە (مصطفی زادە،١٣: ١٣٩٤). نەک هەر میتۆد و شیوازی جیاواز بەڵکوو ناوەرۆکی جیاوازیشی لێدەکەوێتەوە. جیاوازییەکانی دنیابینیی پەروەردە و فێرکردنی ئێران لە هەر دوو سەردەمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا، نموونەیەکی دیارن بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە کە هەر ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، جۆرێکی جیاواز لە پەروەردە و فێرکردنی لێدەکەوێتەوە.

تەنانەت جیاوازیی نێوان ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەو دوو سەردەمە، لە جۆری هەڵسوکەوتی دەوڵەتانی ئەو دوو سەردەمە جیاوازە بەرامبەر دوو زمانی دیاریکراودا دەردەکەوێت. ڕێژیمی شایەتی کە دۆست و هاوپەیمانی وڵاتانی ڕۆژاوا بوو و دژایەتییەکی لەگەڵ کولتووری ڕۆژاوایی نەبوو بایەخێکی تایبەتی دەدا بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە سیستەمی پەروەردە و خوێندندا، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆی بە زمانی عەرەبی نەدەدا. کەچی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە هۆی زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای دینی بە سەریدا، ئاستی زمانی عەرەبیی وەک زمانی قورئان و زمانی پێوەندی لەگەڵ بەردەنگە موسوڵمانەکانی، تا ئاستی زمانی دووهەم لە ئێراندا بەرزکردووەتەوە. چەندی بۆشی کراوە بایەخ و گرنگیی فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیی کەم کردووەتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە دیاریکراوی لەو وڵاتانەدا کە کوردستان بە سەریاندا دابەشکراوە، پەروەردە و فێرکردن و زمانی پەروەردە هەر لە سەرەتای سەدەی

---

٥. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی زمان و ئایدۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیای زمانی بڕوانە:١- (Jillian R. Cavanaugh،٢٠٢٠)؛ هەر وەها ٢-»برساخت گفتمانی سیاست زبان در روند نوسازی ایران.»قریشی و همکاران، (١٣٩٧)؛ ٣-»زبان، قدرت و ایدئولوژی در رویکرد «انتقادی» نورمن فرکلاف بە تحلیل گفتمان». جهانگیری جهانگیر، بندرریگی زادە علی.(١٣٩٢)

٦. پلۆرالیزم بە کۆی ئەو بیردۆزانە دەگوترێت کە باوەڕیان بە فرەیی توخمەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵ و، ڕەوایی بەرژەوەندەکانیان هەیە. لە پانتایی سیاسییشدا بە واتای بڕواهەبوون بە فرەیی و ڕوولەزیادبوونی چەندوچۆنی حیزبەکان، کۆمەڵە و ئەنجومەن و گرووپە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە سیستەمێکدا، هەر وەها جۆراوجۆریی ڕاوبۆچوونەکان لە پێناوی بەرژەوەندەی کۆمەڵ و سەرئەنجام فرەیی و بنکەفراوانیی دەسەڵات لە هەموو بوارەکاندا.» (عەلیزادە، ١٩٩٨:٢٣١)

بیستەمەوە خراونە خزمەت نەتەوەسازی و دروستکردنی دەوڵەت نەتەوە. ناسیۆنالیستەکانی نەتەوەی سەردەست لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، یەکێتیی زمانیان کردووە بە گرنگترین پێویستییەکانی یەکێتیی مێژوویی و سەرزەوی. ئەم هەوڵە بە نوێکردنەوەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەستی پێ کرد. سیستمی پەروەردە و فێرکردنی مۆدێرن یەکێک لە ڕەگەزەکانی نەتەوەسازی و وەك پێویستییەکی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن بوو. «دامەزراندنی کەرتی پەروەردە و فێرکردن و ناردنی منداڵان لە حەوت ساڵییەوە بۆ قوتابخانە، یەکێکە لە ڕەگەزەکانی دەوڵەت نەتەوەسازی، هەر ئەوەی کە ئەتاتورك لە تورکیا، ڕەزا شا لە ئێران، قەزافی لە لیبیا کردیان» (هەورامان فەریق،٢٠٢١:٦٢). ئەم دەوڵەت-نەتەوانە بە پێڕەوی لەم قسەیەی Michael Billig کە «مەرجی سەرەکیی سەپاندنی هەژموونی نەتەوەیی، زۆر جار سەپاندنی هەژموونی زمانە» (سەرچاوەی پێشوو لاپەرەی١١)، شانبەشانی بەکارهێنانی نێوەرۆکی سیستەمی پەروەردە بۆ زاڵکردنی هەژمۆنی خۆیان، زمانەکەی خۆشیان لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە، بەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییە جیاوازەکانی وڵاتدا زاڵکرد.

لە ئێران ئەوە هەر دەسەڵاتداران نەبوون کە بەم جۆرە قۆڵیان لە نەتەوەسازی و جێگیرکردنی دەوڵەت نەتەوە هەڵماڵی، بەڵکوو رووناکبیرانی فارسیش لەگەڵیاندابوون. هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ەوە، کە ناسیۆنالیزمی فارس سەرەڕای چەندکولتووری و چەندزمانەبوونی دانیشتووانی ئێران، خۆی کرد بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت، ڕووناکبیرانی فارس بە ڕیزکردن و خستنەرووی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی مێژوویی و کولتووری، وایان کرد زمانی فارسی وەک ناسنامەیەکی ئەزەلی و گشتگیر کە هەموو ئێرانییەکانی گرتووەتەوە، بناسێنن (سلێمانی و محەمەدپوور،٢٠١٩:١٣٦).

گرتنەبەری ئەو سیاسەتە لەم باوەڕەیان سەرچاوەی گرتووە کە تەنیا دەوڵەتێکی بەهێز لە ناوەند دەتوانێت یەکپارچەیی وڵات بپارێزێت و ڕەوتی چاکسازی بەرەوپێشەوە ببات. هەر بۆیە «بڕوایان وابوو کە نوێکردنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لە ئێران، پێویستی بە کەمڕەنگکردنەوەی جیاوازییە کولتوورییەکان و یەکسانکردنی ئەتنیکی هەیە....» (تورەج ئەتابەکی، ٢٠١٣). لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ئەمانە پێشمەرجەکانی وەدیهاتنی دەوڵەت-نەتەوە بوون و ئەگەر پێی بگەن دەتوانن یەکپارچەیی وڵات بپارێزن و جێ پێیەک بۆ نیشتمانی خۆیان لە جیهاندا بدۆزنەوە، ئەمەش یانی ئەو کاتەی نزیک بە تەواوی دانیشتووانی وڵات، لە ڕووی بیرکردنەوە وەکوو یەک خۆیان سەر بە یەک نەتەوە بزانن (هەمان سەرچاوە).

شاهرۆخ مەسکوب لە کتێبی «هویت ایرانی و زبان فارسی»دا هەوڵ دەدات بیسەلمێنێت کە ئێرانییەکان، ئێرانێتیی خۆیان بە یارمەتیی زمانی فارسی ڕاگرتووە و سەرەڕای بەربڵاویی سیاسیی لە یەکە جۆگرافییە جۆراوجۆرەکاندا، پێکەوەگرێدراویی مێژووی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تریان هێناوە (رجبی واحمدوند، ٢٠٢٢:٥٨). تەرخانکردنی ئەم جێگە و پێگەیە بۆ زمانی فارسی لە بواری پەروەردە و بوارە گرنگەکانیتردا، هەر تایبەت بە سەردەمی شایەتیی پەهلەوی نییە و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا ئەم سیاسەتە درێژەی پێدراوە.

بەم جۆرە دەوڵەت- نەتەوەی ئێران، لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە، زمانی فارسیی کردوە بە زمانی بە ئێرانیکردنی دانیشتووانی وڵات. زمانی فارسیی کردوە بە زنجیرێک بۆ پێکبەستنەوەی هەموو دانیشتووانی نێو جۆگرافیای پانوبەرینی ئێران. زمانی فارسی، بە هۆی جێگە و پێگەیەک کە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئێراندا هەیەتی، دەرەتانێکی بێوێنەی بۆ پەرەگرتن و دەوڵەمەندبوون لە هەر ڕوویەکەوە بۆ ڕەخساوە و بەردەوام خزمەتی دەکرێت. هاوکات بووە بە زمانی پێناسەکردن و ناساندن و جێگیرکردن و خۆبەرهەمهێنانەوە ناسیۆنالیزم و ئایدۆلۆژیا و شوناسێکی تایبەت کە خۆی بە»شوناسی نەتەوەیی»ناودێر کردووە؛ شوناسێک کە لە ژێرناوی «نەتەوەیی» بووندا، سەرجەم پێکهاتە ئەتنیکی و زمانییە نافارسییەکانی ئێران خستووەتە پەراوێز و جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان پێ ڕەوا نابینێت.

٢-٣ دیاردەکانی یەکزمانی، دووزمانی و چەند زمانی لە پەروەردەدا

چەمکەکانی «یەکزمانە»، «دووزمانە» و «چەندزمانە» کە بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا بەرەوڕوویان دەبینەوە، نیشاندەری پێکهاتەی کۆمەڵ و وڵاتی جیاواز لە ڕووی جۆراوجۆریی زمانی و هەروەها توانای تاکەکان لە بەکارهێنانی ڕادەی زمانەکاندان. ئەم تایبەتمەندییەی وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەزمان لەسەر پرسی زمانی پەروەردە کاریگەریی زۆری هەیە کە لە درێژەدا ئاماژەیان پێدەکرێت.

«وڵاتانی جیهان لەسەریەک لانیکەم دوو ڕێبازی گرنگیان لە هەڵبژاردنی زمانی پەروەردەدا گرتووەتە بەر. ڕێبازی یەکەم پەروەردە بە زمانی دایکە کە لەم ڕێبازەدا منداڵان هەر لە سەرەتاوە بە زمانی دایک وانە جۆراوجۆرەکان لە قوتابخانە دەخوێنن. زمانی نەتەوەیی یان سەرانسەری لە تەنیشت زمانی دایک دەخوێندرێت و پەروەردە و فێرکردن بەرەبەرە دەبێتە دووزمانە. لە دواساڵەکانی قۆناغی ناوەندیدا، قورسایی زیاتر لە بەرنامەی دەرسیدا دەدرێت بە زمانی سەرانسەری. ڕێبازی دووهەم خوێندنی زمانی دایکە (پەیوەندی، ٢٠٢٠). ئەمە بەو واتایەیە کە زمانی نەتەوەیی یا زمانی سەرانسەری، زمانی سەرەکیی پەروەردە و خوێندن دەبێت و قوتابییان لە تەنیشت زمانی ڕەسمیی یەکەم، فێری زمانی دایکیان دەبن. لەم ڕێبازەدا بابەتە دەرسییە جۆراوجۆرەکان بە زمانی ڕەسمی یا سەرانسەری دەخوێندرێن

٢-٣- ١ یەکزمانی لە پەروەردەدا:

بە شێوەیەکی سەرەکی دوو مۆدێلی یەکزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە: مۆدێلی یەکەم، وڵاتانێک دەگرێتەوە کە دانیشتووانیان تەنیا لە یەک نەتەوە پێکهاتبن و تەنیا بە یەک زمان قسە بکەن(کە نموونەی ئەوتۆ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە دەگمەن دەست دەکەون)، لەم مۆدێلەدا پەروەردە و خوێندن بە یەک زمان کە زمانی هەموو دانیشتووانی وڵاتەکەیە، شتێکی ئاساییە.

دیارە وڵاتان بە هۆکاری جۆراوجۆر بۆوێنە پێویستیی زانستیی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا، یا پێویستیی پێوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی وڵات بە زمانێکی نێودەوڵەتی، هەروەها بە هۆکاری ئایینی بە تایبەتی لە وڵاتانی موسوڵمان، هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن یا لە قۆناغەکانی دواتردا، فێربوونی زمانێک یا چەند زمانی بیانی دێننە ڕیزی بەرنامە دەرسییەکانیان. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، زمانی ڕەسمی و سەرەکیی پەروەردە و فێرکردن لەم مۆدێلەدا، زمانی گشتی و نەتەوەیی ئەو وڵاتانەیە. منداڵێکیش کە لەم مۆدێلەدا دەخوێنێت، هەتا ئەو کاتەی بە زمانی خۆی دەخوێنێت و فێری زمانێکی تر نەبووە، بە «یەکزمانە» دەژمێردرێت.

مۆدێلی دووهەم، ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە دانیشتووانیان لە نەتەوە و زمانی جیاواز و جۆراوجۆر پێکهاتوون، بەڵام زمانە جۆراوجۆرەکانی دانیشتووانی وڵات، جێگەیەکیان لە خوێندن و پەروەردەدا نییە. بە هۆکاری سیاسی و ئایدۆلۆژی و لەژێر ناوی پێکهێنان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی وەکیەک و یەکگرتوویی نیشتمانی و یەکپارچەیی وڵاتدا، تەنیا یەک زمان لەبواری پەروەردەدا ڕەسمییەتی هەیە و پێی دەخوێندرێت، ئەویش زمانی گەورەترین پێکهاتەی ئەتنیکیی وڵاتەکە، یا نەتەوەی باڵادەستە. بەم جۆرە منداڵانی سەر بە ئەتنیکەکانیتر و کەمینە زمانییەکان لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەشن. ئەو منداڵانە بەو هۆیەوە کە زمانی قسەکردن لەنێو بنەماڵەیان لە زمانی خوێندن لە قوتابخانە جیاوازە، هەرلە سەرەتای خوێندنەوە، بەرەوڕووی ئەزموونی دووزمانی دەبنەوە. ئەم بێبەشییە لە خوێندن بە زمانی دایک، لە ڕووی دەروونی و پەروەردەیی و فێربوونەوە بە گوێرەی ئەو توێژینەوانەی هەتا ئێستە کراون، کاریگەریی نەرێنییان لە سەر منداڵانی دووزمانە هەیە. ئەم کاریگەرییە بە ڕادەیەک گەورەیە کە پەروەردەی یەکزمانی لەم جۆرە وڵاتانەدا بە ژێنوسایدی ئەتنیکی ناودەبرێت (بڕوانە کلان:٢٠١٨، هەڤپەیڤینی سکۆتناب کانگاس)[٧]. خودی ئەو زمانانەش کە ڕێگەی بەشداری لە پەروەردە و فێرکردنیاندا

٧. تۆڤە سکوتنەب-کانگس Tove Skutnabb-Kangas زمانناس و چالاکی مافی زمانی، ساڵی ١٩٤٠ لە فنلاند لە دایک بووە. نووسەرێکی بە

پێنادرێت، ڕێگەی بووژانەوە و گەشەکردن و پێشکەوتنیان لێدەگیرێت و بەرەوڕووی پەراوێزخران و دابەزینی پێگەیان لە نێو ئاخێوەرانیان دەبنەوە. جگە لەمەش ئەم ستەم و هەڵاواردنە زمانییە وەک بە کردەوەش لە زۆر شوێنی جیهان دەیبینین بووە بە سەرچاوەی کێشە و ئاڵۆزیی سیاسی.

٣-٢-٢ دووزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا

مەبەست لە دووزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، پەروەردەیەکە کە لە تەنیشت زمانی ڕەسمی و نەتەوەیی وڵات، زمانێکی تریش لە هەموو یا چەند قۆناغی خوێندندا، پێی دەخوێندرێت. زمانەکەی تر، زیاتر ئەو زمانەیە کە منداڵ لە ماڵەوە قسەی پێدەکات و بە زمانی دایک بەناوبانگە. زمانی دایک بۆ منداڵی قوتابی، بە زمانی یەکەم ناسراوە و زمانێکیش کە لە قوتابخانە پێی دەخوێنێت، زمانی دووهەمی پێ دەگوترێت. لێرەدا گرنگە جیاوازیی نێوان «پەروەردەی دووزمانە» و «منداڵی دووزمانە» بکەین. پەروەردەی دووزمانە، بەو سیستەمە لە پەروەردە دەگوترێت کە لە دوو زمان بۆ فێرکردن و خوێندن سوود وەردەگرێت. بەڵام منداڵی دووزمانە، بە منداڵێک دەگوترێت کە زمانی ماڵەوە و زمانی خوێندنی جیاوازن. دووزمانەبوونی منداڵ، ئەو واتایە ناگەیەنێت کە لە قوتابخانە بە دووزمان دەخوێنێت. بۆ نموونە لە ئێران هەموو منداڵە قوتابییە نافارسەکان کە سەر بە ئەتنیک و زمانی جیاوازن، سەرجەمیان دوو زمانەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە قوتابخانە تەنیا بە یەک زمان دەخوێنن کە ئەویش زمانی فارسییە. کەواتە بۆیە پێیان دەگوترێت دووزمانە، چونکە زمانی قسەکردن لە نێو بنەماڵە و زمانی خوێندنیان جیاوازە. بۆ ئەم جۆرە قوتابییانە «لە ڕاستیدا زمانی باڵادەست، هەڕەشەیەکە بۆ سەر زمانی زگماکیی ئەوان و لە کۆتاییدا دەبێتەوە جێگرەوەی زمانی دایکیان (رحمت زهی و شجاعی فر، ٢٠١٨). بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە منداڵان ئەرکدار دەکرێن بابەتە دەرسییەکان و ناوەرۆکیان بە زمانی باڵادەست فێر بن. لەم ڕوویەوە دەتوانین بڵێین کە بە سەرنجدان بە پێوەرەکانی خوێندنی دوو زمانە، ئەم شێوەیە لە خوێندنی دووزمانەدا جێگایەکی نییە؛ چونکە بابەتەکانی خوێندن تەنیا بە زمانی دووهەم یا زمانی باڵادەست دەخوێندرێن.

٤/ پەروەردە و زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیدا:

زمان و پەروەردە دەکەونە کوێی پرۆسەی دەوڵەتسازی و نەتەوەسازی؟ ئەم پرسیارە دەکرێت بە گوێرەی جیاوازیی دۆخی سیاسیی دوو جۆر نەتەوە، وەڵامی بدەینەوە. جۆری یەکەم، نەتەوەیەکی سیاسی کە نەتەوەیەکی یەکدەست نییە و لە پێکهاتەی ئەتنیکیی جیاواز پێک هاتووە و لە چوارچێوەیەکی جوگرافی-سیاسیی دیاریکراو و دانپێدانراودا دەژیت و خاوەنی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ نموونە وڵاتی ئێران یا ئەو وڵاتانەی لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کۆتاییهاتنی کۆلۆنیالیزم، هاتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان. جۆری دووهەم، نەتەوەیەکی بندەست کە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆی بێبەشە، خۆی و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵات و دەوڵەتدا دابەش کراون و بۆ ڕزگاری لە بندەستی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی خۆی لە خەباتدایە، بۆ نموونە نەتەوەی کورد.

٤-١ زمان و پەروەردە لە لای دەوڵەت- نەتەوەکان:

ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە ئەم گرووپە، جیاوازن. ژمارەیەکیان خاوەن پێشینەی مێژوویین و تێیدا بۆ ماوەی سەدان ساڵ، چەند یا چەندین پێکهاتەی ئەتنیکیی جیاواز لە چوارچێوەی ئیمپەراتۆرییەک یا وڵاتێکی گەورەدا لە تەنیشت یەکتر ژیاون. وڵاتی ئێران خۆی نموونەی ئەم

توانا بوو کە نزیکەی ٣٠ کتێب و ٤٠٠ وتاری ئەکادیمی و دەیان ڕاپۆرتی گرینگی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە، بە تایبەت لە بوارەکانی مافی زمانی، خوێندن بە چەند زمان، زمانی دایکی و، زمان و پەروەردەدا. تۆڤە زۆربەی هەرە زۆری ژیانی تەرخان کرد بۆ دەستەبەرکردنی مافی زمانی بۆ زمانە ستەملێکراوەکان، وەکوو سامی لە نۆروێژ، ئینکتیتوت لە باکووری کەنەدا، کوردی لە کوردستان و هتد. بە داخەوە ڕۆژی دووشەممۆ، ٢٩ی مانگی ٥، تۆڤە لە نزیک هاوینەماڵەکەی خۆیان، کە لەگەڵ هاوژینەکەی ڕابرت فیلیپسن لێی دەژیا، لە دەوروبەری لوند لە وڵاتی سوید، لە ڕووداوێکی دڵتەزێندا مرد. (شێخولئیسلامی،٢٠٢٣)

جـۆرە وڵاتانەیـە. وڵاتانێکیـش هـەن کـە لـە سـەدەی بیسـتەم، لــە دوای هەڵوەشــانەوەی ئیمپەراتۆریەتــی عوســمانی، یــا دوای کۆتاییهاتنــی داگیــرکاری و ئیســتیعمار دروســت بــوون و هاتنــە ســەر نەخشــەی سیاسـیی جیهـان. «تورکیـا، سـوریا، عێـراق، لوبنـان، ئـوردۆن لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، بـەدوای لێکهەڵوەشـانەوەی ئیمپەراتۆریەتـی عوسـمانی و لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا هاتنـە ڕیـزی وڵاتانـی سـەربەخۆ. لـە ئەفریقـاش جەزائیـر، تونـس، تانزانیـا، کۆنگـۆ، جیبۆتـی، گابـۆن، نایجریـا، موزامبیـک، ئانگـۆلا و چەنـد وڵاتێکـی تـر؛ هەروەهـا لــە ئاســیا دەتوانیــن هیندســتان، فیلیپیــن، بێرمــە، مالیزیــا، ئەندونێــزی ناوبەریــن کــە زۆربەشــیان لــە نێوەڕاســتەکانی ســەدەی رابــردوودا ســەربەخۆییان بەدەســتهێنا» (تاریــخ عمومــی،١٩٨٨ : ٨٣-٨٥).

چۆنیەتیـی بەکارهێنانـی زمـان و پـەروەردە لـەم وڵاتانـە، سـێ جـۆری جیـاواز لـە سیاسـەتی لـە پشـت بـووە کـە بریتیــن لــە:

١-هەڵبژاردنـی زمانـی ئـەو دەوڵـەت و وڵاتـە کۆلۆنیالیسـتەی ســەرزەوییەکەی ئەوانــی کردبــووە کۆلۆنیــی خــۆی بــە مەبەسـتی جیـاواز (ویلیـما،٢٠٢١).[٨] بەکارهێنانـی سیسـتەمی پـەروەردە بـۆ جێگیرکـردن و ڕاییکردنـی ئـەو ئامانجـە سیاسـی و کولتوورییانـەی لـە پشـت ئـەو بڕیـارە هەبـوون؛

٢-زاڵکردنــی زمانــی نەتــەوەی باڵادەســتی وڵات بەســەر زمانــی کەمینــە نەتەوەیــی و زمانییــەکان و بەکارهێنانــی سیسـتەمی پـەروەردەی وڵات بـۆ وەکیەکلێکردنـی دانیشـتووانی وڵات لــە ڕووی زمــان و کولتــوور و ناســنامەی نەتەوەییــەوە؛

٣- دانــان بــە جۆراوجۆریــی زمانــەکان و بــە ڕەســمی ناسـینیان و بنیاتنانـی پـەروەردە و فێرکردنـی چەنـد زمانــە، هەروەهــا بەکارهێنانــی سیســتەمی پــەروەردە بــۆ جێگیرکـردن و پەرەپێدانـی کولتـووری پێکەوەژیـان بـە هەمـوو جۆراوجۆرییەکانــەوە لــە چوارچێــوەی وڵاتێکــدا.

هــەر چـی جیاوازیـی ئەتنیکـی و ئایینـی لـە وڵاتێـک زیاتـر بێــت نەتەوەســازیی لــەو وڵاتــە دژوارتــر و چارەســەرکردنی پرســی زمانــی ئاڵۆزتــر دەبێــت. «لــە رووســیای ڕۆمانــۆف زۆربــەی کەمینــە زمانییــەکان باوەڕمەنــدی دینــی جیــاواز لــە زۆرینــەی ئۆرتۆدۆکســی ڕوســی زمانــی بــوون، بــەڵام لــە وڵاتــی وەک سـویس نەتەوەسـازی ئاسـانتر بـوو چونکـە جیاوازییەکـە هــەر لایەنــی زمانــی هەبــوو نــەک ئایینــی» (ویمـمـەر،٢٠١٩). ئــەم دژوارییــە چەنــد قــات زیاتــر دەبێــت، ئەگــەر دەوڵەتــی وڵاتێـک لـە جیاتـی دانـان بـە جۆراوجۆرییـە ئەتنیکییـەکان و بـە ڕەسـمی ناسـینیان و پەسـندکردنی مافـە زمانییەکانیـان، ڕێگــەی حاشــالێکردن و پەراوێزخســتنیان بگرێتــە بــەر. لــە ڕواڵەتــدا لــەم جــۆرە وڵاتــە هاڵۆزییەکــە کەمــتر دەبێتــەوە، چونکــە بــە پێویســت نازانرێــت یاســای تایبــەت و هێــزی مرۆیـی و سـەرمایەی مـاددی و میکانیـزم و ڕێوشـوێنی هاڵـۆز بــۆ دابینکــردن و ڕایــی کردنــی مــاف و بەرپرســیارەتییە زمانییــەکان، تەرخــان بکــەن. بــەڵام ئەزموونــی وڵاتانــی لــەم چەشـنە سـەلماندوویانە کـە لـە درێژخایەنـدا جگـە لـەوەی زمانــە بندەســتەکان لــەم ســۆنگەیەوە زیانــی جۆراوجۆریــان پێگەیشــتووە، ئاســایش و یەکپارچەیــی وڵاتەکــە و یەکێتــی و هاوپێوەندیــی خەڵکەکەشــی بــەرەوڕووی کێشــەی جیددیــی نێوخۆیــی بوونەوتــەوە.

٤-٢ بەکارهێنانــی زمــان و پــەروەردە لــە لایــەن نەتــەوە بێدەوڵەتەکانــەوە:

نەتەوەیەکــی وەک نەتــەوەی کــورد کــە نیشــتمانەکەی بــە ســەر چــوار دەوڵــەت- نەتــەوەدا دابەشــکراوە، کاتێــک دەتوانێــت پرۆســەی دەوڵەتســازی بگرێتەبــەر و دەوڵەتــی نەتەوەیـی خـۆی دروسـت بـکات، کـە هەمـوو بەشـەکانی نیشــتمانەکەی یــا لانیکــەم یەکێــک لــە بەشــەکانی لــە داگیرکــراوی ڕزگار کردبێــت. پرۆســەی دەوڵەتســازی لــە ســەر خاکێکـی دیاریکـراو و بـە هـۆی دەوڵەتێکـی دانپێدانـراو و لـە نێـو خەڵکێـک کـە کەوتوونـە چوارچێـوەی سـنوورەکانی ئـەو خاکـە، جێبەجـێ دەکرێـت. بـەڵام نەتەوەسـازی بـێ هەبوونـی دەوڵەتێکــی نەتەوەییــش، دەگونجێــت. بــەو مەرجــەی لــە نێویانـدا، وشـیاریی نەتەوەیـی، وشـیاریی زمانـی، خۆڕێکخسـتن و تێکۆشـان و خەبـات بـۆ پاراسـتنی ناسـنامە و بەدەسـتهێنانی

٨. هێندێک لە ڕێبەرانی وڵاتانی ئەفریقایی دوای بە دەستهێنانی سەربەخۆیی، بۆ ئەوەی یەکگرتوویی دانیشتووانی وڵاتەکەی خۆیان بپارێزن، یەک لە زمانەکانی فەرانسەیی، ئینگلیزی و پۆرتۆگالی (زمانی ئەو وڵاتانەی کە وڵاتانی ئەوانیان کردبووە کۆلۆنیی خۆیان) وەک زمانی ڕەسمی هەڵبژارد. (ویلیمیا، ٢٠٢١)

مافـە نەتەوەیـی و زمانییەکانیـان هەبێـت و بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی خۆیـان خەبـات بکـەن.

دیـارە ئـەو نەتەوانـەی نەبوونـە خـاوەن دەوڵەتێـک و ئـەو نەتەوانـەی خراونـە چوارچێـوەی دەوڵەتێـک کـە نەتەوەیەکـی نامـۆ و دژ تێیـدا باڵادەسـتە، نـەک هـەر ڕێگـەی ئەوەیـان پێنادرێـت لـە داڕشـتن و دیاریکردنـی سیاسـەتە پەروەردەیـی و زمانییەکانـی وڵاتەکـەدا بەشـدار بـن، بەڵکـوو بـەرەوڕووی سـڕینەوەی ناسـنامە و زمانکـوژی، دەبنـەوە. سیسـتەمی پـەروەردەی وڵاتیـش لـە خزمـەت ئـەو سـەرکوت و سـڕینەوەوە و هەڵاواردنەدایـە. ئـەو جـۆرە نەتەوانـە «بـۆ مانـەوە بەگشـتی و پەیداکردنـی سروشـتی دامەزراوەیـی بەتایبەتـی، ئەرکـی قورسـتریان لەسـەر شـان دەبێـت. نەتـەوە بێدەوڵەتـەکان پێویسـتیان بـە ڕێکخسـتن هەیـە، بـۆ ئـەوەی بتوانـن بەرگـەی ئـەو شـەپۆلانە بگـرن کـە بـە ئاراسـتەی لاوازکردنیـان دەجووڵێنـەوە.» (هۆگـر ئیبراهیـم، ٢٠١٧)

کیملیـکا، ڕوانینێکـی ڕەخنەگرانـەی بـۆ نەتەوەسـازیی ئـەو دەوڵەتانـە هەیـە کـە «زۆرایەتـی»، پرۆسـەی نەتەوەسـازی جێبەجـێ و بـەرەوە پێشـەوە دەبـات و دادپەروەریـی ئەتنیکـی و زمانـی لـەم پرۆسـەیەدا پێشـێل دەکرێـت. ئـەو بـاوەڕی بـە مافـی کەمایەتییـەکان هەیـە و پێـی وایـە «مافەکانـی کەمایەتـی بریتیـن لـەو مافانـەی کـە لەبەرامبـەر نادادپەروەریـی سـەرچاوەگرتوو لـە نەتەوەسـازیی زۆرایەتـی، پارێـزگاری لـە کەمایەتییـەکان دەکـەن» (بادامچـی،٢٠١٦). کیملیـکا لـە سـەر ئەمـە پێداگـرە کـە پرۆسـەی نەتەوەسـازی دەبێـت هەڵگـری کۆمەڵێـک تایبەتمەندیـی گرنگـی وەک «پێکهێنانـی یەکسـانیی دەرفەتـەکان»، «هەسـتی هاوپێوەنـدی»، «متمانـەی نەتەوەیـی» و «پێکهێنانـی بەسـتێنێک بـۆ جێگیرکردنـی دیموکراسـیی دیالۆگ»بێـت. بـە بۆچوونـی ناوبـراو ئـەوە کـە دەگوترێـت حکوومەتـەکان نەتەوەسـازی دەکـەن، بـەو واتایـە نییـە کـە لەسـەریانە هـەر تەنیـا یـەک کەلتـوور پـەرە پێبـدەن. بـە پێچەوانـەوە حکوومـەت لـە دانانـی سیاسـەت لـە نێوخـۆی وڵاتێکـدا ئـەو دەسـەڵات و لێهاتوویـەی هەیـە کـە لـە یـەک کاتـدا دوو یـان چەنـد کەلتـووری کۆمەڵایەتـی پـەرە پێبـدات. نموونەیـەک کـە کیملیـکا بـۆ ئـەم لێهاتوویـە دەیهێنێتـەوە، حکوومەتـە چەنـد نەتەوەییەکانـی کانـادا، سـویس، بەلژیـک و ئیسـپانیایە (هەمـان سـەرچاوە).

«کاتێـک نەتـەوەی خاوەنزمـان، داگیرکـراو و نیشـتمانەکەی بەشبەشـکرابێت، ئـەوا جۆگرافیـای زمانەکەشـی دەکەوێتەبـەر چەنـدان گوشـاری جیـاواز (هۆگـر مەحمـوود،٢٠٢٢:١٠). دەتوانیـن نەتـەوەی کـورد بـە نموونـە بێنیـەوە کـە داگیرکەرانـی کوردسـتان لـە ڕێگـەی جۆراوجـۆرەوە کار لەسـەر نابوودکردنـی دەکـەن، بەتایبـەت لەڕێگـەی دژایەتیکردنـی زمانەکەیـەوە، چونکـە زمـان ناسـنامەی نەتەوەکانـە و داگیرکەرانیـش مەبەسـتیانە داگیرکـراوان لـە ناسـنامەی ڕەسـەنیان دابماڵـن (هەمـان سـەرچاوە:٦٠). خەبـات و تێکۆشـان لـە چەندیـن بـەرەدا بـۆ دەربازبـوون لـە بندەسـتی و داگیرکـراوی و بەدەسـتهێنانی سـەروەریی نەتەوەیـی، یـا لانیکـەم بـۆ بـۆ پاراسـتن و زیندووڕاگرتنـی ناسـنامەی نەتەوەیـی، کەلتـووری و زمانـی و هەروەهـا بـە مەبەسـتی هاوبەشـی لـە دەسـەڵاتی سیاسـیی وڵاتـدا، چارەنووسـێکە کـە مێـژوو لـە بـەردەم ئـەم جـۆرە نەتەوانـەی دانـاوە. نەتـەوە بندەسـت و بێدەوڵەتـەکان بـۆ دەربازبـوون لـەو مەترسـییانەی لەسـەریانە دوو ڕێـگا زیاتریـان لـە بـەر نییـە: ١-بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی و پێکهێنانـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی، ٢- بەدەسـتهێنانی مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس بـە شـێوەی ئوتۆنۆمـی یـا فیدراڵـی.

٤-٢-١ بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی و پێکهێنانـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی:

لـە ئەدەبیاتـی سیاسـییدا، پێکهێنانـی وڵاتـی سـەربەخۆ و دەوڵەتـی نەتەوەیـی بـە بەرزتریـن فۆڕمـی چارەسـەری پرسـی نەتەوەیـی هـەر میللەتێـک دادەنرێـت. ئـەوە کـە نەتـەوە بێدەوڵەتـەکان بـە قەوم(ئەتنێک) ناودەبرێـن؛ زمـان ئەدەبیـات، هونـەر، شارسـتانییەت، دەروشـانەوەی کەسـایەتییەکانیان و دەسـکەوتە زانسـتییەکانیان، لـە شوناسـێکیتر و بـە نـاوی وڵاتێـک کـە ئەوانـی لـە بندەسـتیدا ڕاگرتـووە، ون و بێسەروشـوێن دەکرێـت، یەکێـک لـە لێکەوتەکانـی بێدەوڵەتییـە.

«هـەر نەتەوەیـەک کـە وڵاتـی سـەربەخۆ و دەوڵەتـی نەتەوەیـی خـۆی نەبێـت، هـەر لـە پەراوێـزی مێژوودایـە و بـوون و ناسـنامەکەی لۆکاڵـی دەبێـت» (عەتـا قەرەداغـی، ٢٠١٧). نەتەوەیـەک ئەگـەر دەوڵەتـی هەبـێ «لـە ڕێگـەی

ئـەم دەوڵەتــەوە وەکــوو نەتــەوە دەبێتــە بکەرێکــی بەشــدار و کارا لــە بنیادنانــی مێــژوو و شارســتانێتی مرۆڤایەتیــدا و لــە ئاســتی ناوخۆشــدا لەنــاو چوارچێــوەی ئــەو دەوڵەتــەدا، نەتەوەســازی دەکات. بێ‌پێکهێنانــی دەوڵــەت، نەتــەوە هــەر لــە بازنەیەکــی داخــراودا دەمێنێتــەوە، نــە بوونــی خــۆی دەســەلمێنێت، نــە تامــی ئــازادی دەکات» (هەمــان ســەرچاوە). شــاراوە نییــە کــە گرتنەبــەری ئــەم ڕێگەیــە بــە هــۆکاری جۆراوجــۆر وەک شــەڕ و لەشکرکێشــیی دەوڵەتــە داگیرکــەرەکان، نایەکســانبوونی توانــای ســوپایی و بەرگریــی، نەبوونــی پشــتیوانیی نێودەوڵەتــی و هتــد، جگــە لــەوەی قوربانیدانێکــی زۆری مرۆیــی و وێرانــی و کارەســاتی جۆراجــۆری لــە زیانــی نەتــەوەی داواکاری ســەربەخۆیی لێدەکەوێتــەوە، ئەگــەری گەیشــتنی بــە ســەرئەنجامی دڵخوازیــش زۆر کەمــە. ئەزموونــی ڕیفرانــدۆم بــۆ ســەربەخۆیی کــورد لــە عێــراق(٢٠١٧)، کاتالۆنیــا لــە ئیســپانیا(٢٠١٧) کــە ئەنجامــی هــەر دوو ڕیفراندۆمــەکان، دەنگدانــی زۆرینەیەکــی بەهێــز بــە ســەربەخۆیی بــوو بــەڵام ئــەو دوو ناوچەیــە لــە گەیشــتن بــە ســەربەخۆیی نــاکام مانــەوە، دژوار و نامومکیــن بوونــی ئــەم ڕێگەیــە دەســەلمێنێت.

٤-٢-٢ بەدەســتهێنانی مافــی دیاریکردنــی چارەنــووس بــە شــێوەی ئوتۆنۆمــی یــا فیدراڵــی

ڕێگەیەکی‌تــر بــۆ ئــەوەی نەتەوەیــەک یــا کەمایەتییەکــی نەتەوەیــی، لەســەر نیشــتمانەکەی مافــی چارەنووســی خــۆی بگرێتــە دەســت، بەدەســتهێنانی مافــی ئۆتۆنۆمــی (خۆبەڕێوەبــەری) و گرتنەدەســتی بەڕێوەبەرێتیــی ناوچەکــەی خــۆی لــە سیســتەمێکی فیدراڵیدایــە.

لــە ئۆتۆنۆمیــدا، دەســەڵاتی ناوەنــدی، لــە چوارچێــوەی یاســا و بــە گوێــرەی ڕێککەوتــن، وێــڕای قبووڵکردنــی کۆمەڵێــک لــە مافــە نەتەوەیــی و کولتوورییەکانــی پێکهاتەیەکــی ئەتنیکیــی وڵاتەکــەی، بەڕێوەبردنــی کاروبــاری ناوچەکــەش بــە خــۆی دەسپێرێت. بـەم جـۆرە دەسـەڵات لەنێوان ناوەنـد و ناوچەیەکـی دیاریکــراو دابەشــدەکرێت. هــەم ئــەو ناوچەیــە هەســت بــە دابینبوونــی مافەکانــی و جۆرێــک زاڵبــوون بەســەر چارەنووســی خۆیــدا دەکات، هــەم وڵاتەکــەش وێــڕای پاراســتنی یەکپارچەیــی خاکەکــەی، کێشــەیەکی ئەتنیکــی چارەســەر کــردووە.

فیدرالیــزم، سیســتەمێکی حکوومەتییــە کــە لــە یەکگرتنــی یەکــە ناوچەیــی و ئەیالەتییــەکان پێــک دێــت. لـەم سیسـتەمەدا وێــڕای ئــەوەی هــەر یەکەیەک(ئەیالــەت، پارێزگــە یــا ناوچــە) دەســەڵاتێکی بەڕێوەبەریــی تایبــەت بــە خــۆی هەیــە، دەســەڵاتێکی ناوەندییــش بــە هاوبەشــیی هەمــووان پێــک دێـت. دەسـەڵاتی وڵات بەپێـی یاسـا لـە نێـوان ناوەنـد و یەکـە فیدڕاڵـەکان دابـەش دەکرێـت. سیسـتەمی فیدرالـی مـەرج نییـە هەمــوو کات بــۆ دابەشــکردنی دەســەڵات لەگــەڵ ئەتنیکــەکان و چارەســەری پرســی نەتەوەیــی و کەلتــووری بێــت. فیدرالیــزم لــەزۆر وڵات تەنیــا لایەنــی ئیــداری و دابەشــکردنی دەســەڵات لەگـەڵ ئەیالـەت و پارێزگەکانـی هەیـە و لەوانەیـە دانیشـتووانی وڵات لــەڕووی ئەتنیکــی و زمانییــەوە کێشــەیەکیان لەگــەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی یـا لەگـەڵ یەکـتر نەبێـت (ئێرانپـوور،٢٠٠٣). ژمارەیــەک لــەو وڵاتانــەی جۆراوجۆریــی ئەتنیکییــان تێدایــە، سروشــتی فیدرالیزمەکەشــیان ئەتنیکییــە کــە دەتوانیــن کانــادا، بێلژیــک و عێــراق بــە نموونــە بێنینــەوە.

خاڵێکــی گرنــگ کــە دەبێــت لەدرێــژە و دەرئەنجامــی ئــەم باسـەدا ئامـاژەی پێبکریـت ئەوەیـە کـە پرۆسـەی نەتەوەسـازی نابێــت بــۆ ئــەو کاتــە هــەڵ بگیرێــت کــە یەکێــک لــەم دوو ڕێگایــە بــە ئــاکام دەگــەن. بــەر لــەوەش نەتەوەیەکــی بندەســت پرســی نەتەوەیــی خــۆی بــە یەکێــک لــەو فۆڕمانــە (ئوتۆنۆمــی، فیدراڵــی یــا ســەربەخۆیی) چارەســەر بــکات، دەبێــت بــەردەوام و لەهەمــوو بوارێکــدا پرۆســەی نەتەوەســازی لــە نێوخۆیــدا بەرەوپێــش ببــات.

بەرەوپێشــبردنی پرۆســەی نەتەوەســازی لەنێــو نەتەوەیەکــی بێدەوڵەتــدا، بــە پلــەی یەکــەم لەئەســتۆی بزووتنــەوەی ناسیۆنالیســتییە، بزووتنەوەیــەک کــە هەڵگــری ئامانجــی ڕزگاریــی نەتەوەیــی و ڕێبــەری خەبــات و تێکۆشــانی نەتەوەکــەی بــۆ گەیشــتن بــەم ئامانجەیــە. پرۆســەی نەتەوەســازی هەتــا گشــتگیرتر بێــت و ڕەهەنــدی زیاتــر و جۆراوجۆرتــری هەبێــت قوولــتر دەبێــت و بناغــەی بەهێزتــر بــۆ دروســتکردنی نەتــەوە دادەمەزرێنێــت. یەکێــک لــەو ڕەهەندانـە کـە لایەنـی هـزری هەیـە، بریتییـە لـە پەرەپێـدان و قووڵکردنــەوەی بیــری نەتەوەیــی و دروســتکردنی وشــیاریی نەتەوەیــی لەنێــو تاکەکانــی نەتــەوەدا. ڕەهەنــدی دووهــەم،

پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و هەوڵدان بە مەبەستی زیندووراگرتن و بەرگریلێکردنی لەبەرامبەر هەڕەشەی سڕینەوە و توانەوەدایە. زمان وەک یەک لە گرنگترین فاکتەرەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دەبێت لەم پڕۆسەیەدا زیاترین بایەخی پێ بدرێت.

ئەزموونی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەئاستی ئێراندا، بۆمان دەسەلمێنێت کە بایەخدان بە زمانی کوردی و ڕاکیشانی وشیاریی تاکەکان بۆخزمەتی زمانەکەیان و پاراستن و بەرگری لێکردنی، توانیوێتی وێڕای زیندووراگرتن و بووژانەوە و پێشخستنی ئەو زمانە، گیانێکی بەهێزی ڕاوەستان بەرامبەر ستەمی نەتەوەیی و زمانی لە نێویاندا دروست بکات. ئەوە کە ئەم بزووتنەوەیە لەهەر دەرفەتێکی ڕەخساودا، پەروەردە بەو زمانەی لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیدا وەڕێخستووە، زمانی کوردیی لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی و لە دامودەزگاکانی شۆڕشدا کردووە بە زمانی ڕەسمی؛ ئەم زمانەی کردووە بە زمانی سەرەکیی میدیای خۆی؛ پرسی زمانی کوردیی هێناوەتە نێوچەقی بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سیاسەتی تاکزمانیی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بەرینبوونەوەی جوگرافیای بزووتنەوەی نەتەوەیی و کەلتووریی کورد لە ئێران (وریا،٢٠٢٢:٥). بەرچاوترین جیلوەی گشتگیربوونی ئەو بزووتنەوەیە، وەڕێکەوتنی بزاڤێکی زیندووە بۆ خۆفێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بە پانایی سەرجەم پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو شار و ناوچانەی ئێران کە کوردیان لێ دەژین.

## ٥/ ئەنجام

١- وڵاتان، سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، بۆ بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی ئایدۆلۆژیای سیاسیی خۆیان بەکار دێنن. ئەو زمان یان زمانانەی لە سیستەمی پەروەردەدا بەکاریان دەهێنن، دەکەن بە بەشێک لە ئامرازی جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانیان. دەوڵەت نەتەوەی ئێران نموونەیەکی دیاری ئەو جۆرە وڵاتانەیە.

٢- ئەو دەوڵەت-نەتەوانەی، خەڵکی وڵاتەکەیان لە نەتەوە و ئەتنیکی جیاواز پێکهاتوون، بەڵام خۆیان نوێنەری نەتەوەی سەردەستن، سیاسەتی زمانی و پەروەردە بۆ تواندنەوە و پەراوێزخستنی زمانەکانیتری وڵات لە زمانی نەتەوەی سەردەستدا، بەکار دێنن. زمانی نەتەوەی سەردەست لە هەموو ئاستەکان بە تایبەتی لە پەروەردەدا دەکەن بە زمانی فەرمی.

٣- خوێندنی زۆرەملێ بە زمانی نەتەوەی سەردەست و بێبەشکران لە پەروەردە بە زمانانی نەتەوەکانیتری وڵات، لەڕووی دەروونی، پەروەردەیی و زانستییەوە، دەبێتە سەرچاوەی کێشە و گرفت بۆ قوتابیان بە تایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەروەردە و فێربووندا. ئەمە لە حاڵێکدایە کە پەروەردەی چەندزمانی، دەتوانێت هەم زمانێکی هاوبەش و سەرانسەری بگرێتەخۆ، هەم مافی خوێندن بە زمانی نەتەوەکانیتر دابین بکا.

٤-دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، وەک دەوڵەت نەتەوەکانیتری ناوچە، پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی لە وڵاتی خۆی، لە سەر بناغەی سڕینەوە و تواندنەوەی شوناس و زمانی ئەوانیتر لە نەتەوەی باڵادەستدا، بەرەوپێش بردووە. هەر لەم ڕوانگەیە، دژی دابینبوونی مافەکانی نەتەوەکانی بندەست بەتایبەتی بەفەرمی ناسینی زمانی ئەوان لە پەروەردەدا وەستاوەتەوە و بەزیانی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی وڵات و ئایدۆلۆژیایەکەی خۆی دەزانێت.

٥-کورد لە ئێران لەو نەتەوانەیە کە ڕێگری لە بەشدارییان لە دەسەڵاتی سیاسی و دابینبوونی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیان دەکرێت. بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییەش لە ڕێگای بەرگری لە زمانی خۆی و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە زمانییەکانی، دژی سڕینەوەی نەتەوەیی و پەراوێزخرانی زمانی وەستاوەتەوە. ئەگەر لە ئەنجامی ئەم خەباتە، مافی پەروەردە بە زمانی خۆی بەدەست بهێنێت، هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەشەکردنی زمانەکەی لە زۆر بواردا دەخوڵقێنێت.

سەرچاوەکان:

به زمانی کوردی:
حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز؛ کەریم، عومەر مەحموود. (٢٠١٧)، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٤٢
سلێمان، ئازاد عەزیز.(٢٠٢١)، بنەما تیۆریی وبنچینەییەکانی دانانی سیاسەتی زمان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٨
شیخولئیسلامی، جەعفەر.(٢٠١٨)، زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە نووسینەکانی د.ئەمیر حەسەنپووردا، «دەروازە»، گۆڤاری کوردی بۆ زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان، ژمارە ٢، ژمارەی تایبەت، نیسان
شیخولئیسلامی، جەعفەر.(٢٠١٨)، «زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو»، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
شیخولئیسلامی، جەعفەر.(٢٠٢٢). شۆڤێنیزمی زمانی، کاریگەریی زمانەکان لەسەریەکدی، گۆڕانی دەنگ و...(وتووێژ لەگەڵ حەسەن قازی)، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە ٣، مانگی گوڵان
فەرەج، هۆگر مەحموود. (٢٠٢٢)، هەورامی گۆڤەرێکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری زمان و زار(١)
قازی، سەعد عەبدولرەزاق.(٢٠٢٠) پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا لە ڕوانگەی سەرپەرەستیارانی پەروەردەیی (هەولێر بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٤، ژمارە ٤، لاپەرەکانی٣٠-١٦
قازی، سەعد عەبدولڕەزاق.(٢٠٢٢) سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی
هەرێمی کوردستاندا، تێزی دوکتورا، زانکۆی سەلاحەدین
کالفی، لویس جان. (٢٠١٢)، وەرگێرانی بەهادین جەلال، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانی، هەولێر، دەزگای موکریانی
محەمەد، سمکۆ. (٢٠٠٩)، ناسیۆنالیزم لە نێوان فکر و سیاسەتدا، هەولێر، خانەی موکریانی
ناوخۆش، سەلام ؛ خۆشناو نەریمان. (٢٠١٠)، زمانەوانی، بەرگەکانی چوارەم، پێنجەم، شەشەم و حەوتەم. هەولێر، چاپخانەی منارە.
وریا، قادر.(٢٠٢٢)، شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات
هەورامی، م.(٢٠٢٠)، پلۆرالیسمی زمانی و ئاسایشی نەتەوەیی، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٥٧، ساڵی بیست و دووەم
به زمانی فارسی:
-آشوری، داریوش.(٢٠٠٥)، دانشنامه سیاسی(فرهنگ اصطلاحات و مکتب های سیاسی)، تهران، انتشارات مروارید، ١٣٩٤
ابطحی، مهدی ؛ خدادادیان، مهدی.(٢٠٠٦)، تأثیر دوزبانگی بر یادگیری زبان سوم، مطالعه میدانی بر روی فارسی آموزان چینی تکزبانه و دوزبانه، نشریه پژوهشهای زبانشناسی، سال هشتم، شماره اول، شماره ترتیبی ١٤، بهار و تابستان ١٣٩٥
اتابکی، تورج.(٢٠١٣)، تنوع قومی و تمامیت ارضی ایران، سازگاری داخلی و مخاطرات منطقه ای، مجله گفتگو شماره ٤٣، ماه جولای
احمدی پور، طاهره. (٢٠١٠)، به سوی چارچوب سیاست زبان ملی، مجله «زبانشناخت»، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال دوم، شماره اول، بهار و تابستان ١٣٩٠
اسپالسکی، برنارد.(٢٠١٢). سیاست زبانی، مترجمان:عرفانی،داوری و ایرانمهر، انتشارات دانشگاه دامغان
افخمی، علی. (٢٠٠٥)، برنامەریزی زبان ونگرش های زبانی، نشریه: دانشکده ادبیات و علوم انسانی(تهران)، سال ١٣٨٤، دوره ٥٦، شماره ١٧٣
تاریخ عمومی،(١٩٨٨)، نگاهی به تاریخ جهان در قرن بیستم، کتاب درسی سال چهارم آموزش متوسطه عمومی،(وزارت آموزش و پرورش ایران)، چاپخانه الهادی قم(١٣٦٧)
چابکی، رضا محمدی.(٢٠١٥)، تبیین جایگاه زبان در تقویت مبانی، تصریح اهداف و توسعەی وسایل تربیت، دو فصلنامه علمی - پژوهشی دانشگاه شاهد، سالٚ بیست و دوم، دوره جدید، شماره ٧، پاییز و زمستان ١٣٩٤
حمادی، حمید؛ فقیهی، علیرضا؛ سیفی، محمد و ناطقی فائزه. (٢٠١٨)، پژوهش در نظام های آموزشی، ویژه نامه، «بررسی و تحلیل کیفی انواع مدلهای آموزش دانش آموزان دو زبانه»، بهار ١٣٩٧
داغچی، سردار.(٢٠١٢)، نگاهی به کشورهای کثیرالمله و چند زبانه، ١٥٤-١٥٧، دانشگاه استنفورد امریکا، ١٣٩١، PDF
داوری اردکانی، نگار ؛ احمدی پور، طاهره. (٢٠٠٨)، صد سال برنامەریزی زبان فارسی(با توجه ویژه به مبادی برنامەریزی زبان) ١٣٨٩-١٢٥٠ه.ش. تهران، نشر علم
داوری اردکانی، نگار.(٢٠٠٩)، برنامەریزی زبان، فرهنگ زبانی و مولفه‌های آن(مطالعه موردی شهر تهران)، فصلنامه تحقیقات فرهنگی، دوره دوم، شماره ١، بهار ١٣٨٨
داوری، حسین. (٢٠٢٠)، سیاست و برنامەریزی زبانی، رویکرد میان رشته‌ای مغفول در حوزه سیاست گذاری های کلان فرهنگی و آموزشی کشور، مجله «راهبرد فرهنگ»، شماره چهل و نهم، بهار ١٣٩٩
رجبی، ابولفضل ؛ احمدوند، شجاع. (٢٠٢٢)، سیاستگذاری زبانی و

جایگاه زبان فارسی در سیاستهای زبانی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامەی «مطالعات ملی»، سال بیست و سوم، شماره ١، بهار، ١٤٠١

رحمت زهی، خدانظر؛ شجاعی فر، زینب.(٢٠١٨)، «تاثیر دوزبانەبودن بر پیشرفت تحصیلی دانش آموزان»، کنفرانس دستاوردهای نوین جهان در تعلیم و تربیت، روانشناسی، حقوق و مطالعات فرهنگی اجتماعی

سلیمانی، کمال ؛ محمدپور، احمد.(٢٠١٩)، آیا غیر فارسها می توانند صحبت کنند؟، نشریه آزادی اندیشه، شماره٨، ٢٠١٩

سلیمانی، کمال.(٢٠٢١)، «فرهنگ زارکی موکریان» و سنت واژەنامەنویسی، ایران آکادمیا، شماره هفتم، بهار ١٤٠٠

علیزاده، حسن.(١٩٩٨)، فرهنگ خاص علوم سیاسی، انتشارات روزنه، چاپ اول، تهران،١٣٧٧

قریشی و همکاران، برساخت گفتمانی سیاست زبان در روند نوسازی ایران، مورد مطالعه: نشریه کاوه(١٢٩٤-١٣٠١)، دوفصلنامه جامعەشناسی اقتصادی و توسعه، سال هفتم، شماره دوم، پاییز و زمستان ١٣٩٧

قمری، محمد رضا ؛ حسن زاده، محمد.(٢٠١٠)، نقش زبان در هویت ملی، دو فصلنامه علمی پژوهشی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا، سال دوم، شماره ٣، پاییز و زمستان ١٣٨٩

کلان، امیر.(٢٠١٨)؛ چه کسی از آموزش چند زبانه می هراسد؟ مترجم: هیوا ویسی، محل چاپ ناروشن

مصطفی زاده، اسماعیل ؛ فزونمهر، نادر. (٢٠١٥)، تحلیل محتوای کتاب های درسی با تاکید بر کتاب های درسی دوره ابتدایی، انتشارات آریوحان، ١٣٩٤

وەرگیراو لە ئەنترنێت:

آنگیل،عباس سلیمی.(٢٠٠٥)، سخنی در باره آموزش زبان مادری و آموزش به زبان مادری. سایت انجمن پارسی، ٣ فروردین ١٣٩٤، لینک: ٢٣/p/com.niloblog.angilo//:https

ئیبراهیم، هۆگر. (٢٠١٧)، نەتەوەسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتسازیدا، ماڵپەڕی پێنووس، لینک: -٢٠١٨/ckb/php.index/krd.penus//:http ٣٨-٥٦-١٨-٠٢-٠٩-٢٠١٨-٤٦٩/item/٣٣-١١-١٩-٠٢-٠٤

ایرانپور، ناصر.(٢٠٠٣)، فدرالیسم در سویس، یک تجربه موفق تاریخی، سایت نویسنده. لینک: http://www.nasser-iran.com/ Rojin/PDF

پیوندی، سعید.(٢٠١٩)، «آموزش در ایران و چالش زبان مادری»، سایت رادیو فردا، لینک: radiofarda.www//:https. -first-the-learning-of-right-the-on-commentary/a/com html.٣٠٤٤٧٥٠٣/language

تبریزی،آیدین.(٢٠٠٨)، ملت ایران، یا مردم ایران؟ سایت ایران گلوبال، لینک: ٢٢٧٨٥/node/info.iranglobal//:https

جداری حسن.(٢٠١٩)، اقوام، ملت یا ملت های ایران؟، اردیبهشت ماه سال ١٣٩٨، سایت پژواک ایران، لینک: html.٩٦٧٣٧-https://www.pezhvakeiran.com/maghaleh

-شێخولئیسلامی،جەعفەر.(٢٠٢٣)، زمانی کوردی یەکێک لە گرینگترین، بەئەمەگترین و خۆشەویسترین لایەنگران و پشتیوانانی لەکیس چوو. ئەکاونتی زمان و زمانناسیی کوردی، Kurdish Language and Linguistics لە فەیسبووک،٢٠٢٣/٦/١، لینک: ١٠٦٣٦٥٩٦٠١٨٩٤٠٢/https://www.facebook.com/groups

قەرەداغی، عەتا. (٢٠١٧)، «لە نێوان دوانەی دەوڵەتسازی و نەتەوەسازیدا: دەوڵەت و شوناس!» ماڵپەڕی خەندان. لینک: .detailwtar/org.xendan.www//:https ١٠١٧ =nuser &١٠٢٣ =jimare ?aspx

میثم بادامچی، (٢٠١٦)، حقوق اقلیتها همچون پاسخی به ملتسازی، سایت رادیو زمانه، لینک : www//:https. /٣١٨٥٧٠/com.radiozamaneh

ویممەر، ئاندرێیاس. (٢٠١٩)، سەرهەڵدانی دەوڵەت و نەتەوەسازی، کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی، ماڵپەڕی کوردستانوکورد. لینک: ٤٦١٠٧=p?/com.kurdistanukurd//:https

ویلیما، هریسون،ام. (٢٠٢١)، زبان های بومی افریقایی در رویارویی با زبان های استعماری، (گفتگو با دویچەوله فارسی) ٢٢ فوریه، سایت اطلاعات روز، etilaatroz

بە زمانی ئینگلیزی:

Liddicoat, A., & Baldauf, R. B. (Eds.). (2012). Language planning and policy: Language planning in local contexts. Multilingual Matters.

Kusters, A., Green, M., Moriarty, E., & Snoddon, K. (2020). Sign language ideologies: Practices and politics. Sign language ideologies in practice.

Gabrielle Kotkov , What are different models of bilingual education? https://multilingualmontessori.org/what-are-different-models-of-bilingual-education

https://en.wikipedia.org/wiki/Nation-building#cite_note1-

## مخلص

منـذ بدايـة القـرن العشريـن وحتـى الآن، تـم اسـتخدام السياسـة أحاديـة اللغـة في التعليـم الإيـراني كأداة في خدمـة بنـاء الأمـة و بنـاء الدولـة للأمـة الحاكمـة، وقـد ناقـش هـذا البحـث نتائـج هـذه السياسـة اللغويـة مـن منظـور الدفـاع عـن التعدديـة اللغويـة عـلى أسـاس التعدديـة اللغويـة.

الافـتراض الأسـاسي هـو أن الغـرض مـن هـذه السياسـة هـو إضعـاف وتهميـش اللغـات والهويـات غـير الفارسـية في الهويـة الإيرانيـة واللغـة الفارسـية بحجـة الحفـاظ عـلى وحـدة البـلاد وسـلامتها. بمـا أن الأكـراد هـم إحـدى امـم هـذا البلـد، فـإن هـذه الدراسـة تجيـب عـلى سـؤال حـول كيفيـة اسـتخدام الأكـراد في إيـران للغـة والتعليـم للدفـاع عـن هويتهـم الوطنيـة وتعزيـز عمليـة بنـاء أمتهـم، وقـد تـم إعطـاء الإجابـة عـلى هـذا السـؤال باسـتخدام تجربـة الـدول الأخـرى وتجربـة الحركـة القوميـة الكرديـة في كردسـتان الشرقيـة.

منهـج هـذا البحـث وصفـي - تحليـلي وفي عـدة مواضيـع، تنـوع السياسـات والخطـط اللغويـة، العلاقـة بـين سياسـة اللغـة والأيديولوجيـا، الظواهـر أحاديـة اللغـة ومتعـددة اللغـات في عمليـة التعليـم، وكذلـك السياسـة اللغويـة في مجـال التعليـم بهـدف بنـاء الأمـة، تـم التحقيـق فيـه. في الجـزء الأخـير مـن هـذا البحـث، يتـم عـرض خاتمـة وملخـص البحـث.


الكلمات المفتاحية: سياسة اللغة والتخطيط، إيديولوجيا اللغة، تعددية اللغة، اللغة والتعليم، بناء الأمة.


## Abstract

From the beginning of the 20th century until now, the monolingual policy in Iran's education has been used as a tool in the service of nation building and state building of the ruling nation.This research has discussed the consequences of this language policy from the perspective of defending multilingualism based on linguistic pluralism.

The main assumption is that the purpose of this policy is to weaken and marginalize non-Persian languages and identities in Iranian identity and Persian language under the pretext of preserving the unity and integrity of the country. Since the Kurds are one of the nations of this country, this study answers the question of how the Kurds in Iran can use language and education to defend their national identity and advance their nation-building process.The answer to this question has been given using the experience of other nations and the experience of the Kurdish national movement in eastern Kurdistan.

The approach of this research is descriptive-analytical and in several topics, the diversity of language policies and plans, the relationship between language policy and ideology, monolingual and multilingual phenomena in the process of education, as well as language policy in the field of education with the aim of nation building. It has been investigated. In the final part of this research, the conclusion and Abstract of the research are presented.


Keywords: Language Policy and Planning, Language Ideology, Language Pluralism, Language and Education, Nation-building.